# دروودی خوایی

نووسین و ئامادەکردنی

میهرەبان حەمە سعید

چاپی یەکەم        ٢٠٠٨ ز        ١٤٢٩ ك





بسم الله الرحمن الرحیم


پێناسی کتێب
ناوی کتێب : دروودی خوایی.
ناوی نووسەر: میهرەبان حەمە سعید مصطفى.
پێشەکی : مامۆستا سید احمد عبدالوهاب.
دیزاین و بەرگ : یوسف جمال حبیب اللە.
تایپ : محمد سعدالدین
تیراژ: ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردنی (١٧٣١) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر



﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَـٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا﴾ (٥٦). سوره الاحزاب.

قال رسول الله (ﷺ):

﴿مَن صَلَّى عَلَيَّ صَلاةً صَلَّى اللهُ عليهِ عشراً﴾ رواه مسلم.





**پێشکەشە بە:**

- بە گیانی پڕ خێری پێغەمبەر (ﷺ).
- بەو باوکەی کە دەستی گرتم بۆ ئاشنا بوونم بە ڕێبازەکەی پێغەمبەر (ﷺ).
- بەو دایکەی کە دوعای خێرم بۆ دەکات لە نوێژەکانیدا.
- بە هاوسەری ئازیز و بە وەفا و ئارامم.
- بەوانەی کە شەیدای بینینی خوا و پێغەمبەرن (ﷺ).

بەناوت خوایە کە ئەرحەم و ڕاحیمینی
ناوت ئارامشەو بۆ دڵ تەسکینی

بڕێژە بارشی فەیزت لە بۆ ئەڕواحی پێغەمبەر
حەمد و سەنام بۆ تۆیە بە زووبانی دڵ و زاری سەر

# دەستپێك

دیارە بیرۆکەی ئەم نامیلکەیە لەوەوە سەری هەڵدا دوای ئەو سووکایەتی یەی کە کرا بە پێغەمبەر (ﷺ) لە وڵاتی دانیمارك منیش بە پێویستم زانی وەك شاگردێکی خەم خۆری ئەو زاتە بەژدار بم لە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی ئەو ئازیزە بە نووسین و بڵاو کردنەوەی گۆشەیەك لە گۆشە نوورانیەکانی خوا بۆ ئەم زاتە مەزنە کە ئەویش وێستگە و کەناڵی سڵاواتە.

جێگەی خۆیەتی لێرەوە دەست خۆشیی خۆم بۆ سەرجەمی ئەو کەسە ئازیزانە دەر بڕم کە بە وشەیەکیش بووبێت بابەتەکەی منیان دەوڵەمەند کرد، بەتایبەت سوپاس و ڕێزی بێ پایانم هەیە بۆ مامۆستای بەڕێزم مامۆستا سید احمد کەوا ئەرکی نووسینی پێشەکیەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، خوای گەورە بەرەکەت بخاتە تەمەنی پڕ لە ئیمانی و عیزەتی یەوە.

وە دەست خۆشی و ڕێزم هەیە بۆ هەردوو برای لاو و خوێن گەرمم کاك یوسف و کاك محمد کە ڕۆژگار و شەوگارێکی زۆر ماندوو بوون لەگەڵمدا بۆ دیزاین و تایپ کردنی ئەم کتێبە، خوای گەورە داهاتوویان ڕۆشن بکات.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە ئەم کارەمان لێ وەربگرێت و بیکاتە مایەی بەدەست هێنانی شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ).

نووسەر

هەڵە بجەی شەهید





# پێشەکی

پەیوەندی نێوان ئیماندار و پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ڕۆح و گیانیەتی یان وەکو پەیوەندی ئەو وویژدانە بە بڕشت و زیندووەکەیەتی، جا بۆ بەهێز و بە پیرۆزکردنی ئەم پەیوەندییە بێگەرد و پیرۆزە، کۆمەڵێ کەناڵ و ڕێگا هەیە، کە یەکێکیان کەناڵی سڵاوات لێدانە لە دیاری پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)، کە ئەم سڵاوات لێدانە جگە لەوەی کە یەکێکە لە شاعیبادەتەکان – جۆرێکی ڕۆحی و عەمەلی یە لە نێوان کۆکی و سازگاری و ئاشنایی و وەفاداری هەر بەندەیەکی ساغ لەگەڵ ئیمام و پێشەنگ و چاو ساغی گەورەی خۆی، نیشانەی پەیام داریی و دامەزراوی و ڕاوەستاوی ئیماندارە لەسەر ئەو شەقامە ڕێگای ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) – شەقڵی شکاندوە و سەرقافڵەی بووە، سڵاوات چەشنێکە دەربڕینی خۆشەویستی و ئەمەکداری و مریدی بۆ ئەم شێخەی بەڵێندانە بە سەرباز بوون و شاگردبوونی ئەم پێشەوا ڕەؤوف و ڕەحیمە، **نیشانەی** مەردایەتی ئەم مریدەشە، نیشانەی سەنگەر نشینی و ئاڵا بەدەستی ئەم موسڵمانەیە – نیشانەی ووشك نەبوونی باخە پڕ لە گوڵ و بەرامەکەی ئەم سەروەر و سالارەیە، نیشاندانی خۆشەویستی ئەم ئوممەتە بە هیممەتەیە بە پێغەمبەر (ﷺ)، لە شیرینترین بواری خۆشەویستیدا، کە بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ ئەم کەسە نەناسێت و ئەم زاتەی خۆش نەوێت، ئیتر ئەستەمە تام و چێژی خۆشەویستی ڕاستەقینەی چەشتبێ، یان پەی بە ئەمەکداری و پێزانین بردبێ، لە گرنگترین بواری وەفاداری و بەرزترین پلەی پێزانیندا......

ئەو کەسە هەر بە ڕەق و تەقی و بە ووشکی و زڕی ژیان ئەباتە سەر و، بێ بەش دەبێ لە شیرینترین بەروبوومی ئەم ژیانە، کە خۆشەویستی خوایە –

لە مەقامی خوایەتی دا – و خۆشەویستی خوشەویستە لە مەقامی بەندایەتیدا، بڕواناکەم کەناڵ و هۆکارێکی لەم سلاّواتە گەرمتر و پڕ ماناتر و بە هێز هەبێ لە نێوان پێغەمبەر (ﷺ) و ئوممەتەکەیدا، بۆیەش خوای حەکیم ئەم دەرگایەی لەسەر هەموومان کردوەتەوە و هەردەم کراوەیشە و، بۆ هەموو وەفادار و عاشقانیشە.

زۆر دەست خۆشیی لە مەلا میهرەبانی ئازیزم دەکەم بۆ ئەم کارە شیرین و چەپکە گوڵە بۆن خۆشەی کە بە ئاسانی داویەتی بە لووتی هەموو ئیماندارانداندا یاخوا دەستی خۆشبێ و لەشی ساغ بێ و چاوی ڕوون بێ و، هەروەها بەرهەمی تریشمان بۆ بکاتە دیاری......

و الحمد لله أولاً و آخرا و صلى الله على محمد النبي الأمّيّ و على آله و صحبه أجمعين

سيد احمد سيد عبدالوهاب
لە شاری هەولێر
هەینی ۲۰۰۸/۱۰/۱۷





بسم الله الرحمن الرحيم

## گرنگی صەلاّوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)

بێگومان مرۆڤی موسڵمان هەمیشە پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام لە خەمی ئەوەدا بێت چۆن بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە ژیانی دونیا و دواڕۆژیدا کە مەبەستم ڕۆژی دوایی یە.

بەپێی ئەوەی کە مرۆڤ دروست کراوێکی خوای گەورەیە و ئەم دونیا پان و بەرینەی بەم هەموو ناز و نیعمەتەوە خستووەتە بەر دەسی تاوەکو بتوانێت بەرهەمی چاك و پاك پێشکەش بە خۆی و دەوروبەری بکات.

ئەم دونیایە گۆڕەپانێکە بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکان، هەروەك خوای گەورە دەفەرمێت:﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴾ (٢) الملك.

لە ڕوانگە و ڕۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بە ڕاستی دروست بوونی مرۆڤ بۆ ئەوەیە کە تاقی بکرێتەوە کردەوە باشەکانی دەرکەوێت و لە دونیادا کەڵکیان لێ وەربگیرێت و لە دواڕۆژدا پاداشت وەرگرێتەوە.

هەر کارێك کە مرۆڤ دەستی دەداتێ گەر خۆشەویستی یەکی تەواوی بۆی نەبێت ئەوا مافی تەواوەتی لەو کارەدا بەدی ناکرێت لەلایەن ئەو کەسەوە، خۆشەویستی یەك کە لە قوڵایی دڵەوە هەڵقوڵێت و بە ناو قوڵایی

**لەشدا بڵاو ببێتەوە دەرئەنجام ئەندامەکانی لەش وێنای ئەو خۆشەویستی یە ڕاستەقینەیە بکەن کە لە ناخی ئەو کەسەدا هەڵدەقوڵێت.**

**بۆیە کاتێك ئەمانەوێت باسی خۆشەویستی خۆمان بۆ پێغەمبەر بکەین (ﷺ)، دەبینین کە خۆشەویستی یەکەمان لە ئاستێکی کەمدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا سوپاس بۆ خوا کە سوننەتە شیرینەکانی زیندوو ڕاگرن و هەمیشە لە خەمی پەیامەکەیدان کە ئەمەش مایەی دڵخۆشی ئێمەیە و دڵخۆشی سەروەر و سالار و پێشەوامان (محمد) ە (ﷺ).**

**گەر بمانەوێت خۆشەویستی خۆمان دووپات کەینەوە بۆ ئەو سەروەرە دەبێت چاو بگێرین بەناو ئایەتە بەرز و پیرۆزەکانی قورئان دا، تا ببینین و بزانین قورئانی پیرۆز چی دەفەرموێت ئەوە ئەنجام بدەین بەرامبەر بەم کۆتا نێردراوەی خودا بۆ سەر زەوی.**

**زۆرن ئەو فەرمانانەی کە خوای گەورە ڕوو لە ئیمانداران دەکات بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی پێغەمبەر (محمد) (ﷺ) لەوانە:** ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ **(٧) سورە الحشر.** ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَرْفَعُوٓا۟ أَصْوَٰتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِىِّ وَلَا تَجْهَرُوا۟ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَـٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ **(٢) سورە الحجرات.**

**یەکێك لەو فەرمانانەی خوای گەورە بۆ ئوممەتی ئیمانداری (محمد) (ﷺ) ئەمەیە کە خوای گەورە فەرمان دەدات بە ئیمانداران کە سڵاوات بدەن لە دیداری ئەو پێغەمبەرە سەرداره وەك خوای گەورە دەفەرمێت:** ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَـٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِىِّ ۚ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ صَلُّوا۟ عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا﴾ **(٥٦).سورە الاحزاب.**





**لە ڕوانگەی ئەم ئایەتە بەرزو پیرۆزەوە و لەژێر ڕۆشنایی ئەو فەرموودە مژدە ئامێزانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) داویەتی بەم ئوممەتە حەزمان کرد ئەم بابەتە بخەینە بەردەست شەیدایان و شاگردانی پێغەمبەر (ﷺ).**

**بەهیوای ئەوەی کە توانیبێتم سوودێك بگەیەنم بە خوێنەرانی وولاتەکەم و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هەوڵم داوە لەم پەڕاوەدا تیشك بخەمە سەر گەورەیی و گرنگی سڵاوات و بەرهەم و بەروبوومەکانی و چۆنیەتی و شێوازەکانی سڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە لێم وەرگرێت و بیکاتە توێشوویەکی پڕبەرەکەت بۆ ڕۆژی دوایی انشاء الله.**

**نوسەر**

**١٢/محرم /١٤٣٠**

## پوختەی ڕاڤەی هەندێك لە تەفسیرەكانی قورئان بۆ ئەم ئایەتە

﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا﴾ (٥٦). سوره الاحزاب.

مامۆستای شەهید و ڕاڤەكەری قورئان مامۆستا سید قطب لە تەفسیرەكەیدا كە ناوی **(في ظلال القرآن)** نە تەفسیری ئەم ئایەتە دەكات و دەڵێت : (دروودی خوا بۆ پێغەمبەرەكەی (ﷺ) باسكردنی ئەو زاتەیە بە چاكە لە پلە بەرزەكانی لای خۆی لە لای فریشتە پاكەكان.. و دروودی فریشتەكانیش پاڕانەوەیانە بۆئەو زاتە لە لای خوای پاك و بێگەرد..

چەند پلەیەكی جوانەو بێوێنەیە كە بارشی خوایی و سوپاس بۆ پێغەمبەرەكەی، كە هەموو گەردوونی پێ ڕووناك دەبێتەوە بە هەموو گۆشەكانیەوە.. ئەم باسكردنە جێگیر دەبێت لە ناو دڵ و دەروونی شتە زیندووە كاندا بە هەتاهەتایی دەمێنێتەوە.. چ نیعمەت و گەورەیی و ڕێزگرتنێك لەم نیعمەتە گەورەترە، وە ئایا دروودو سڵاوی مرۆڤەكان بەرەو كوێ دەڕوات دوای سڵاواتی بەرزی خوایی و سەلام كردنی، و دروودو سەلامی فریشتەكان لە كەش كەشەی ئاسمانەكاندا، وویستی خوا وەهایە كە موسڵمانان پایە دار بكات و ڕێزیان لێبگرێت بەوەی سڵاوات و سەلام كردنیان بخاتە ڕیزبەندی سڵاوات و سەلامی خۆیەوە، وە بەهۆی ئەم كەناڵەوە بیانگەیەنێتە پلە بەرزەكانی ڕێزلێنان و گەورەیی هەتا هەتاییەوە). تەفسیری في ظلال القران بەرگی (٥) لاپەڕە (٢٨٧٩)

* * *





لە تەفسیری (**التحرير والتنوير**) دا كە ناسراوە بە تەفسیری (**ابن عاشور**) كە دانەرەكەی (**محمد طاهر ابن عاشور**) ە دەربارەی ڕاڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت: (دوابەدوای چۆنیەتی هەڵسوكەوتی ئیمانداران لەگەڵ خێزانەكانی پێغەمبەردا(ﷺ) ڕاستەوخۆ خوای گەورە باسی گەورەیی و ڕێزی پێغەمبەر دەكات (ﷺ) لەلای خۆیی و فریشتەكانی، بۆیە دوای ئەو چەند ئادابەش باسی ئەم مەقامە مەزنەی كردووە چونكە ئەو گەورەییە بەشێكی بەر خێزانەكانی دەكەوێت، چونكە ئەو جۆری ووتنی سڵاواتەی كە پێغەمبەر (ﷺ) فێری موسڵمانانی كرد باسی ماڵ و منداڵ و خێزانەكانیشی تێدایە.. سڵاواتی فریشتەكان لەگەڵ سڵاواتی خوای گەورەدا باس كراوە بۆئەوەی بزانرێت سڵاواتی باشترین دروستكراوەكانی خوا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ نزیك كردنەوەی بۆ نزیك كردنەوەی پلەی سڵاواتی ئیماندارانە ئەو سڵاواتەی كە فەرمان كراوە بە ئەنجام دانی دوای خواو فریشتەكان.. و دڵنیاكردنەش بۆ گرنگی پێدانە، وەهاتنی ڕستەیەكی ئا لەو جۆرە بۆ بەهێزكردنی هەواڵەكەیە، وە دەست پێكردنی فەرمانەكە بەناوی خواوە ئاماژەیە بۆ گەورەیی و شكۆمەندی ئەم فەرمانە، لە سڵاواتی خوای گەورە و فریشتەكاندا كردارەكە بە سێوازی كرداری ڕانەبردوو هاتووە (**يصلون على النبي**) ئەمەش بۆ تازەكردنەوە و دووبارە بوونەوەیە، بۆئەوەی ئیمانداران ئاگاداربن لەوەی كە لە دوای سڵاواتی خوا و فریشتەكان ئاماژەیە بەوەی كە دەبێت سڵاواتی خواو فریشتەكان ببێتە مایەی ئەوەی كە ئیمانداران سڵاواتیان بەردەوام بێت. (**وسلم تسليما**) وە ووتەی (**صلوا عليه**) وایە حوكم و شوێن و سیفەتی .. سیفەتەكەیشی دانراوە بە پێی ووتەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەش كە زانراوە ئەو سەلامەیە كە ڕۆژانە لە ناو

نوێژدا لە کاتی (تحیات) دا دە ووترێت (**السلام علیك ایهاالنبی ورحمة الله وبركاته**).

ابن عمر ڕەزای خزای لێبێت دەیووت دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) (**السلام علی النبی ورحمة الله وبركاته**).

وە ڕای زۆری زانایان لەسەر ئەو جۆرە ووتنەیان کە لە کاتی ژیانی پێغەمبەر دا (ﷺ) ووتراوە ئەمەش بۆ ڕەچاو کردنی ئەوەی کە لە پێغەمبەرەوە هاتووە و فەرمویەتی من زیندووم و سەلامی ئوممەتەکەم پێم دەگات.. لە بەرئەم مەبەستە شێوازی سەلام کردن هەروەك چۆن سەلام لەکەسی زیندوو دەکرێت هێڵراوەتەوە وە کو خۆی، سەلامیش لەسەر زیندوو ئەوەیە کە بوترێت (**السلام علیك**) وە سەلام کردنیش لەسەر مردوو بەوە دەبێت کە بوترێت (**علیك السلام**)، وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەو کەسەی کە سەلامی لێکرد ووتی (**علیك السلام یا رسول الله**) لە بەرامبەردا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (**ان علیك السلام تحیت الموتی، فقل : السلام علیك**) واتە علیك السلام سڵاو کردنە لە مردووەکان بەڵکو بڵێ (**السلام علیك**).

ئایەتە پیرۆزەکە دوو شتی لە خۆ گرتووە : سڵاوات دان و سەلام کردن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە هەریەك لەمانە بە جیاواز باسکراوە، موسڵمان سەرپشکە لە نێوان ئەوەی کە سڵاوات بە جیابدات و سەلام بە جیا بکات، وەك ئەوەی بڵێت (**اللهم صلی علی محمد والسلام علی محمد**)، گەر پێکەوەش بڵێ وابەستەیان کات بەیەکەوە بەم شێوازە (**صلی علی محمد والسلام علیه**)، وە ئیمامی نەوەوی بە تاك پێشکەش کردنی سڵاوات و بە تاك پێشکەشکردنی سەلامی بە مەکروه داناوە.. بەڵام گەر بووترێت (**اللهم سلم علی محمد**) لە بارەی ئەم شێوازەوە هیچ دەقێك لەسەری نە هاتووە و سەنەدێکی دروستی لە سەر





نیە، بەڵام هەندێك وەك کورت کردنەوە بۆ سڵاوات و سەلام کردن ووتویانە (**صلی الله علیة وسلم**) وە خەڵکی لەسەر ئەم جۆرە ووتنە بەردەوامە بە تایبەت کەسانێك کە ئەهلی زانست و زانیاریشن). تەفسیری (التحریر والتنویر) لاپەڕەکانی (٣٢٠-٣٢٥) چاپی یەکەم (١٤٢٠ك – ٢٠٠٠ م)

* * *

دانەری تەفسیری (**تفسیر القران الكریم اعرابە و بیانە**) **الشیخ محمد علی طە الدّرّة**، ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ڕاڤەو تەفسیری ئەم ئایەتە بەم شێوازە دەنوسێت و دەڵێت : ((ئەم ئایەتە شەرەفێکی خوایە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە کاتی ژیانیدا، وە لە دوای مردنیدا، وە جێگەو پێگەی دەرخستووە لە لای خۆی، سڵاواتیش لە لای خواوە بۆ ئەو زاتە ڕەحمەت و ڕازی بونیەتی، وە لە فریشتەکانیەوە داواو پاڕانەوەی لێخۆش بونە.. وە لە ئومەتیەوە، پاڕانەوە و بە گەورەزانینی پەیامەکەیەتی.

زانایان جیاوازیان هەیە لە بارەی پێشکەشکردنی سڵاواتەوە کە ئایا واجبە لەسەر ئیماندار یاخود سوننەتە ؟ ئەو زانیانەش کە ووتویانە واجبە ڕای جیاوازیان هەیە لە کاتی واجب بونەکەی واتە لە چ کاتێکدا واجبە سڵاوات بدرێت، هەندێکیان ووتویانە هەرکاتێك ناوی پێغەمبەر (ﷺ) برا واجبە سڵاواتی لەسەر بدرێت، بەڵگەشیان ئەو فەرمودەیەیە کە لە ئەبو زەڕی غەفارییەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (**ألا أخبركم بأبخل الناس؟**) ئایا ئاگادارتان بکەمەوە لە چاوچنۆکترین کەس ووتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمووی: (**من ذكرت**

**عنده فلم يصلى علىَّ، فذالك أبخل الناس**) واتە لە کاتێکدا باس کرام و ناوم برا لەلای کەسێکدا گەر سڵاواتی پێشکەش نەکردم، ئەوە بە خیل ترین کەسە.

هەندێکی تر لە زانایان ووتویانە:((لە هەموو تەمەندا یەك جار واجبە سڵاوات بدەیت (کە ئەم جۆرەیان ڕایەکی لاواز و دوور لە سیفەتی موسڵمانە) بەشێکی تر لە زانایان ووتویانە لە هەر کۆڕو مەجلیسێکدا تەنها یەك جار سڵاوات بدرێت بە سە هەرچەند ناوی پێغەمبەر(ﷺ) دووبارە بکرێتەوە، هەندێك زانای تر دەڵێن واجبە لە هەموو نوێژێکدا لە کاتی تحیاتی پێش سەلام دانەوە.. کە ئەمەش ڕێڕەوی ئیمامی شافیعی یە ڕەحمەتی خوای لێبێت وە لە یەکێك لە هۆنراوەکانیدا هاتووە و دەڵێت :

**يا آل بيت رسول الله حبكم – فرض من الله فى القران انزله**
**يكفيكم من عظيم الفخر انكم – من لم يصلى عليكم لا صلات له**

(تفسير القران الكريم) چاپی یەکەم - بەرگی حەوتەم - ل (٥٢٦) دانراوی الشيخ محمد على طه الدرّة

* * *

مامۆستا **نظام الدين عبدالحميد** بەم شێوازە ڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی کردووە: ((بە ڕاستی خوداو فریشتەکانی خودا سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر دەدەن (ڕەحمەتی خودای بەسەردا بباریێت) جا ئەی ئیماندارانی ئێوەش سڵاواتی لەسەر بدەن، بە زۆریی دروودو سەلامی بۆ بنێرن.. سڵاوات لەلای خوداوە بەبەرزی سەیرکردن و ڕێزلێنان و باراندنی ڕەحمەتە بەسەریدا.. سڵاوات دانی فریشتەکانیش دووعاکردن و پاڕانەوەیە بۆ بەرزبونەوەی پلەو پایەی لە بەهەشتدا.. هەروەها سڵاواتدانی موسڵمانەکانیش دوعاکردن و





پاڕانەوەیە بۆ زۆرتر پاداشتدانەوەی و بەگەورە سەیرکردنی و ڕێز لێنانیەتی.

تەفسیری گوڵشەن – بەرگی دووەم – ل (١١٠٦) چاپی دووەم ٢٠٠٧

* * *

مامۆستا محمد متولى الشعراوی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: ((پێغەمبەر(ﷺ) کە خوا هەڵیبژارد خێربوو بۆ ئوممەتەکەی مژدەدەربوو بۆ موسڵمانان ترسێنەر بو بۆ کافران وە زۆر جەختیشی ئەکردەوە لەسەر ڕێنوێنی کردنی گەلەکەی وە زانراوە کە پێغەمبەر (ﷺ) ناڕەحەت و دڵتەنگ بووە بەوەی کە کەسێك هیدایەتی وەرنەگرنبێت یاخود ئیمانی نەهێنابێت، بۆیە گەرپێغەمبەرێك ئا بەو شێزازە خەمخۆری ئوممەتەکەی بێت بە ڕاستی شایەنی ئەوەیە کە ئێمە سڵاواتی لەسەر بدەین، چونکە هەرخێرێك بۆئەو بێت بۆ ئێمەشە بۆیە خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (٥٦). سورة الاحزاب.

بەم شێوازە تێدەگەین کە سڵاوات لەلای خواوە بۆ پێغەمبەر بەواتای نزا نیە، بەڵکو جێبەجێکراوی ڕاستەوخۆی ڕەحمەتی خوای گشتگیرە، بەسە لە ڕەحمەتی خوا بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە کردویەتی بە کۆتا پێغەمبەر وە کەس وەك پێغەمبەر لە دوایەوە نایەت وە ناوی ئەوی خستۆتە لای ناوی خۆی،وە بەم شێوازەش دواندویەتی و فەرمویەتی (**ورفعنا لك ذكرك**) بەسە بۆ ڕێزگرتنی خوا لەو زاتە کە لە ڕۆژی دوایدا شەفاعەتی پێئەبەخشرێ، نەك تەنها بۆ ئوممەتی خۆی بەڵکو بۆ هەموو دروستکراوەکانی، بەسە بۆ گەورەیی پێغەمبەر (ﷺ) کە خوای گەورە بە سیفەتی ڕێزلێنانەوە پێی فەرمووە (**يأيها النبي** ) یاخود (**يأيها الرسول**) بە پێچەوانەی پێغەمبەرانی پێشین کە بە ناوی خۆیانەوە بانگ کراوە.

سڵاواتی فریشەکانیش بریتیە لە دوعای ئەو فریشتانەی کە پاکن و دوعا بۆ هەموو خەڵکی و موسڵمانان دەکەن ئەی چۆن دەبێت خۆیان بێبەش کەن لە دوعا کردن بۆ کەسێك کە ڕێنوێنی کەری هەموو خەڵکی بووە.

مامۆستا شعراوی دەربارەی سڵاواتی ئیمانداران دەڵێت : سڵاواتی ئیمانداران بریتیە لە داوای لێخۆشبوون، داوای لێخۆشبونیشیان بۆ پێغەمبەر نیە (ﷺ) بە ڵکو بۆ خودی نەفسی خۆیانە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ڕەحمەت بوو بۆیان گەر ئەو ڕەحمەت بیّ بۆیان ئەوە لە واجبە کە ئەوان ڕێز و خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) لە بیریان نەبەنەوە، ئەوان گەر داوای لێخۆشبونیانکرد ئەوا داوای لێخۆشبونیانە لە بێئاگاییان لە پێغەمبەر (ﷺ).

ئیماندار کاتێك سڵاوات ئەدات لە پێغەمبەر (ﷺ)، چی بە دەستە بیبەخشێت بۆ پێغەمبەری خوا ؟ چیمان بەدەستە ؟ لەبەر ئەوە وورد بەرەوە لە شێزازی پێشکەش کردنی سڵاواتەکەت بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، تۆ ناڵێیت (أصلی) بەڵکو دەڵێیت : اللهم صل علی محمد، یاخود صلی الله علی محمد لەبەر ئەوە تۆ داوا لە کەسێك دەکەیت کە باڵا ترە لە تۆ سڵاوات بدات لە پێغەمبەر (ﷺ) چونکە هیچت پیّ نیە بی بەخشی بە پێغەمبەری خوا(ﷺ).

* * *

دانەری تەفسیری (**صفوة التفاسیر**) کە ناوی محمد علی الصابونی مامۆستایە لە کۆلێژی شەریعەت وە دیراساتی ئیسلامی لە شاری مەککەی پیرۆز کە کۆمەڵێك کتێبی لە تەفسیرەکانی (**طبری، کشاف، قرطبی، ال سی، ابن کثیر، البحر المحیط**) وە جگە لەمانەش بە شێوازێکی ئاسان کۆکردوەتەوە، لە بارەی تەفسیرکردنی ئەم ئایەتەوە هێناویەتی و دەڵیّ: ((خوای گەورەو





کاربەجیّ سۆزی لەگەڵ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نواندووە وە پلەوپایەی بەرزکردوەتەوە،وە فریشتە چاکە خوازەکان بۆی دەپاڕێنەوە و داوای لێخۆشبوون دەکەن بۆی، وە داوادەکەن لە خوای گەورە کە ڕێزی زیاتر لە بەندە و نێردراوی خۆی بنێت وە بیخاتە بەرزترین پلەی دونیاودواڕۆژەوە،لەم تەفسیرەدا پێشەوا قرگبی دەڵێت سڵاوات لەلایەن خواوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ڕەحمەت و ڕازی بونیەتی، وە لەلایەن فریشتەکانەوە نزاو داوای لێخۆشبونە بۆی وە لەلایەن ئوممەتیشەوە نزاو بە گەورەزانینی پەیامەکەیەتی، وە هەروەها لەم تەفسیرەدا هاتووە کە صاوی دەڵێت ئەم ئایەتە پیرۆزە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) نشینگەی سۆز و بەزەیی بووە،وە باشترینی پێشینان و ئەوانەشە کە لە دوای خۆیەوە هاتوون، کەواتە سڵاوات لە لایەن خواوە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سۆزێکی تایبەت و بە گەورە زانینیەتی، سڵاوات لەلایەن خواوە بۆ غەیری پێغەمبەر (ﷺ) ڕەحمەتی خوایە بەگشتی وەك دەفەرموێت (**هو الذی یصلی علیکم وملائکته**) سەیری جیاوازی ئەم دوو سڵاواتە بکە چ جیاوازییەکیان هەیە وە سەیری گەورەیی پلەوپایەیانکە وە لەبەر ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) بوەتە سەرچاوەی ڕەحمەت و بەزەییەکانە.

پاشان ئەم زانایە دەربارەی فەرمانی خوا بۆ ئیمانداران کە سڵاوات بدەن و سەلام لە پێغەمبەرەکەیان بکەن بەم شێوازە ڕاڤەی ئەو فەرمانە خواییە دەکات و دەڵێت ئەی ئیمانداران زۆر سڵاوات پێشکەش بە پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) بدەن چونکە ئەو مافی لەسەرتانە ئەو بووە هۆکاری ڕزگاربونتان لە گومڕایی بەرەو ڕوناکی ئیسلام لەبەرئەوە هەرکاتێك ناوی پیرۆزی برا بڵێن (**اللهم صل علی محمد وآله وسلم تسلیما کثیرا**) لە کەعبی کوڕی

عوجرەوە دەڵێت ووتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : زانیمان چۆن سەلامت لێبکەین ئەی چۆن سڵاوات پێشکەش بکەین؟ لە وەڵامدا فەرمووی بڵێن (**اللهم صل علی محمد و علی آل محمد کما صلیت علی براهیم**.. **تا کۆتایی فەرمودەکە**)

صاوی دەڵێت حیکمەت و نهێنی لە سڵاواتی فریشتەکانت ئیمانداران بۆ پێغەمبەر (ﷺ) مایەی ڕێز لێنانیانە لەلایەن خوای گەورەوە، چونکە ئەوان شوێنکەوتەی خوای گەورەن لە جێبەجێکردنی فەرمانەکەیدا، وە ڕێزلێنانیانە لەلایەن خواوە چونکە دروستکراوی ئەون وە هەموو کەسێکیش لە ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەهۆی ئەوە هیدایەتی وەرگرت لەبەرئەوە وەك و وەفایەك داوایانکرد کە خوای گەورە ڕێز لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بنێت، چونکە ئەوان نەیان ئەتوانی پاداشتی چاکەی پێغەمبەر بدەنەوە بۆیە نهێنی لە ووتنی سڵاواتدا ئەمەیە کە دەڵێن (**اللهم صل علی محمد**)

صفوة التفاسیر - بەرگی دووەم - لاپەڕە (٥٣٦) - دانراوی محمد علی الصابونی.

**تێبینی: خوێنەری بەڕێز تەفسیر و ڕاڤەی تر لە بارەی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە هەبوو بەڵام بە پێویستم زانی بەم ئەندازەیە خوێنەری بەڕێز ئاگاداربێت لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە.**





# لە چ کاتێکدا سڵاوات بدەین لە دیداری پێغەمبەر (ﷺ)

دیارە هەرکات مرۆڤی موسڵمان ناوی پێغەمبەر (ﷺ) ی بیست یاخود کەوتە سەر زمانی ئەوا پێویستە سڵاوات بدات لە دیداری پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام هەوڵ ئەدەیت ئاشنابیین بەوکاتە پیرۆزانەی کە سڵاوات تێیدا خێری زیاترە و چاکترە، ئەمەیش لە ژێر ڕۆشنایی فەرمووده شیرین و گەوهەر ئاساکانی پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە گرنگە مرۆڤی ئیماندار ئاشنابێت بەوکاتە پیرۆزانە تاوەکو زیاتر خۆشەویستی خۆی دووپات کاتەوە بۆ پێغەمبەری ئازیز............

١- یەکێك لەو کاتانەی کە زۆر پیرۆزە و موسڵمان دەتوانێت بە هەند بیگرن، ڕۆژی هەینی یە، دیارە ئەم ڕۆژە پیرۆزە پلە و پایەی تایبەتی خۆی هەیە لای خوای گەورە و لە قورئانی پیرۆزدا سورەتێك هەیە لە جوزئی (٢٨) بە ناوی سورەتی (**الجمعة**).

وە چەندین فەرموودەی خۆشەویستیش دروودی خوای لە سەربێت ڕێنماییمان دەکەن بۆ زیاتر ئاشنا بوونمان بەم ڕۆژە پیرۆزە ناردنی سڵاوات بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر (ﷺ).

فەرموون ئێوە و هەندێك لەو فەرموودانە بەهیوای ئەوەی ئەو کاتە پڕ بایەخ و پڕ خێرانە لە یاد نەکەین و خۆمان بێ بەش نەکەین لەو پاداشتە گەورەیە.

## فەرموودەی یەکەم :

**عن اوس بن اوس** (رضي الله عنه) **عن النبى** (ﷺ) **قال: ﴿ان من افضل ايامكم يوم الجمعة فيه خلق ادم عليه السلام، وفيه قبض وفيه النفخة وفيه الصعقة، فاكثروا عليَّ من الصلاة فان صلاتكم معروضة عليَّ، قالوا يارسول الله وكيف تعرض صلاتنا عليك وقد ارمت، قال: ان الله عزوجل قد حرَّم على الارض ان تاكل اجساد الانبياء عليهم السلام﴾** رواه النسائى.

واتە : لە ئەوسی کوڕی ئەوسەوە (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرمووی: لە باشترین ڕۆژەکانتان ڕۆژی هەینی یە لەو ڕۆژەدا ئادەم دروست کرا لەو ڕۆژەشدا گەڕایەوە بۆ لای خوا لەو ڕۆژەشدا فوو دەکرێت بە کەڕەنادا (**نفخ الصور**) دا لەو ڕۆژەشدا خەڵکی زیندوو دەکرێتەوە، جا دروود زۆر بۆ من بنێرن لە ڕۆژی هەینیدا چونکە سڵاواتەکانتان دەگاتە لای من، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا چۆن سڵاواتەکانمان ئەگاتە لای تۆ لە کاتێکدا لاشەت ڕزیووە؟ فەرمووی خوای گەورە و بە دەستەڵات قەدەغەی کردووە لەسەر زەوی کەوا لاشەی پێغەمبەران بخوات یان بڕزێنێت.

## فەرموودەی دووەم :

**عن ابي امامة** (رضي الله عنه) **عن النبيِّ** (ﷺ) **قال، قال رسول الله** (ﷺ): **﴿ اكثروا عليَّ من الصلاة فى كل يوم جمعة فان الصلاة التى تعرض عليَّ فى كل يوم جمعة فمن كان اكثرهم عليَّ صلاة كان اقربهم منِّى منزلة ﴾**. رواه البيهقى.

واتە: واتە لە ابی امامە وە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی زۆر صەڵاوات بنێرن بۆم لە ڕۆژی هەینی دا چونکە سڵاواتەکانی ئێوە هەموو ڕۆژێکی هەینی دەخرێنە بەر دەسی من هەرکام لە ئێوە سڵاواتی زۆرم بۆ بنێرێ ئەوە شوێنی زیاتر لە منەوە نزیکە.





٢- صەڵاواتی دوای (**تحیات**) ی یەکەم و دووەمە کە ئەبێت نوێژ خوێن لە نوێژەکەیدا بیخوێنێت و زانایانیش بە (**واجب**) ی دا ئەنێن بە گوێرەی ئەم فەرموودەیەی خوارەوە :-

**﴿ اذا صلى احدكم فليبدا بتحميد ربه جل وعزَّ وثناءً عليه ثم يصلى على النبى** (ﷺ) **ثم يدعوا بماشاء** ) رواه احمد وابوا داوود وابن خزيمة ....

مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوەیە کە ئەگەر کەسێك لە ئێوە نوێژی کرد سەرەتا دەبێت سوپاسی خودای گەورە بکات کە بە سوورەتی (**الفاتحة**) دەست پێ بکات. وە دواتر سڵاوات بدات لە من لە کاتی تحیاتدا وە دوای تحیاتیش ج دوعایەك پێی خۆشە بیکات. کتێی پوختەی واتای سڵاوات کورتکراوەی پەرتووکی (جلاء الافهام ابن القيم الجوزي) کە احمد فائق سعيد وەری گێڕاوە، ل (٣٩).

ئەو کاتە شتێك زیاد دەکەن لە ناو نوێژدا لە کاتی تحیاتدا ئەویش ووشەی (**سیدنا**) یە کە کە گوایە پێغەمبەر (ﷺ) وای فەرمووبێت کە ئەمە لە ڕاستیەوە دوورە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (**صلوا كما رأيتمونى أصلى**) واتە نوێژ ئەنجام بدەن هەروەك من چۆن نوێژدەکەم ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئێمە شوێنکەوتەی کردارە نوێژییەکانی ئەو خۆشەویستەبین یەکێك لەوشوێنانەش کاتی تحیات خوێندنە ، لەم بارەوە زانای بەناوبانگی جیهانی ئیسلامی مامۆستا (**محمد متولى الشعراوى**) دەڵێت ووتنی (**أشهدان لاالهالاالله وأشهدوا ان محمداً رسول الله**) ئەو شێوازەبووە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی بۆیە ئەڵێم ئەدەب بەرامبەر بە پێغەمبەر (ﷺ) شتێکەو گوێڕایەڵیش شتێکی ترە واتە کاتێك کە فەرمویەتی نوێژ وەك و من بکەن دەبێت بەو شێوازەبێت کە ئەو ئەنجامی داوە بەڵام کە کەسێك ئەڵێت لە کاتی صەڵاواتی تەحیاتدا (**اللهم صل على سيدنا محمد**) ئەمە لە ڕاستیدا ئەو شێوازە نیە کە پێغەمبەر

فەرمویەتی: بۆیە ووتنی ئەم شێوازە لە ناو نوێژدا ئەچێتە ڕیزی گوێڕایەڵی نەکردنی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەڵام گەر کەسێك لە دەرەوەی نوێژ وەك ڕێزێك بۆ گەورەیی و بەخشندەیی و میهرەبانی پێغەمبەر (ﷺ) ووتی: (**اللهم صلی علی سیدنا محمد**) ئەمەیان ئەچێتە ڕیزی ڕێزگرتن لە پێغەمبەرەوە بۆیە جارێکی تر ئەڵێم گوێڕایەڵی لە جێگەی خۆیی و ڕێزگرتنیش لە جێگەی خۆیی مەبەستیشم لە ڕێزگرتن ئەوەیە دەبێت بە شێوازێك ئەو صلاٌوات پێشکەش بکرێت کە شیاوبێت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەوەك بە دەنگێکی ئێجگار بەرزوو بڵند بێت هەروەك ئەمڕۆ لە هەندێك شارو شارۆچکەکاندا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت چونکە خوای گەورە فێری ئەدەبمان ئەکات کە چۆن چ لە نزیکەوە یاخود لە دوورەوە چۆن خۆشەویستی خۆمان دەربڕین بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دا لە سورەتی (**الحجرات**) دا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصۡوَٰتَهُمۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ﴾ (٣) **الحجرات**.

بۆیە دەبێت موسڵمان چ دووربێت یاخود نزیك لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بە ئەدەب و بەڕێزەوە قسەی لەگەڵدا بکات وە فەرمانەکانی جێ بەجێ بکات .

پێدەچێت خوێنەری بەڕێز پرسیارێکی لەلا دروست ببێت کە مەبەستی خوای گەورە لەو ئایەتە پیرۆزە دا ئەوانەی سەردەمی پێغەمبەر بوون (ﷺ) بەڵام لە وە لاٌمدا دەڵێین کە پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندین فەرمودەدا ڕوو لە هەموو شوێنکەوتوانی دەکات لە هەرکات و زەمانێکدا بوو سلاٌواتی پێشکەش بکەن بەڵام بە شێوازێکی شیاو بە پێغەمبەر(ﷺ) لە بەر ئەوە هەرکەسێك بە ئەدەبەوە





هەڵسوکەوت بکات بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە دەچێتە ڕیزی ئەوانەی کە لەو ئایەتەی سەرەوەدا باسیان لێوە کراوە.

٣- صەلاٌوات لە دوای (**قنوت**)

هەندێك لە زانایان و ئیمامی شافیعی (**خوایان لێ ڕازی بێت**) بە (**مستحب**) یان داناوە لەبەر کاری صحابە کە لە کۆتایی قنوتدا خوێندویانە وەك ( **ابی بن کعب**) لە سەردەمی عمری کوڕی **خطاب** دا کە پێشەوایی بۆ خەڵك دەکرت لەنویژی تەراویح لەکۆتایی قنوتدا صەلاٌواتی دەدا لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) صحیح ابن خزیمة.

٤- لە نوێژی مردودا لە دوای (**الله اکبر**) ی دووەم.

لەدوای (**الله اکبر**) دووەم صەلاٌواتی (**ابراهیمی**) لە پێغەمبەر (ﷺ) بدرێت هەروەکو (**عەبدوڵای کوڕی عباس و سعیدی کوڕی موسەییەب و وە ابو هریرە**) وە هاوەڵەکان گێراویانەتەوە لە پێغەمبەر (ﷺ) کردوویانە لەکاتی نوێژی مردوودا. ترمذی (٢/ ١٦٥) بوخاری (٣/ ١٥٨) ابو داوود (٢/ ٦٨).

٥- صەلاٌوات لە ووتاری هەینی و هەردووجەژنەکە و نوێژە بارانە :-

ئیمامی شافیعی و ئیمامی احمد ئەفەرموون : وتار بەبێ صلاٌوات درووست نییە، بەڵگەشیان بۆ ئەم ووتەیان ئەمەیە کە امامی علی رزای خوای لێبێت کە چووەتە سەر دووانگە (منبر) دوای سوپاس و ستایشی خوای گەورە صەلاٌواتی لە پێغەمبەر (ﷺ) داوە اخرجە عبدالله بن احمد في الزوائد (١٠٦/١) وقال اسنادهُ حسن.

٦- صەڵاوات دان لەکاتی چوونە ناو مزگەوت و هاتنەدەرەوە دا.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت **﴿اذا دخل احدكم المسجد فليسلم على النبى وليقل اللهم افتح لى ابواب رحمتك، واذا خرج فليسلم على النبى وليقل اللهم اجرنى من الشيطان الرجيم﴾** رواه ابن خزيمة وابو حاتم بن حبان.

واتە : ئەگەر چویتە مزگەوتەوە صەڵاوات و سەلام لە پێغەمبەر بدەو بڵێ خوای گەورە دەرگاکانی بەزەیتم لێبکەرەوە، وە ئەگەر چویتە دەرەوە صەڵاوات لە پێغەمبەر بدەو بڵێ خوای گەورە بمپارێزی لە شەیتانی ڕەجم کراو.

٧- صەڵاوات لەدوای تاوان و پەشیمان بوونەوە وەك هۆکارێك بۆ لێخۆشبوون:

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت **﴿صلوا عليَّ فان الصلاة عليَّ كفارة لكم فمن صلَّ عليَّ صلَّى الله عليه عشرا﴾** اسناده حسن.

واتە صەڵاواتم بۆ بنێرن چونکە صەڵاوات بۆ من دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوان هەرکەسێك صەڵاواتێك بدات خوای گەورە (١٠) جار صەڵاواتی لەسەر دەدات.

٨- لەکاتی چونەسەر کێوی (**صەفا و مەڕوە**).

کاتێکی تر لەو کاتانەی کە صەڵاوات و دروودی تێدا پێشکەش دەکرێت بە پێغەمبەر (ﷺ) گەر خوای گەورە دەرفەت بەتەمەنمان بدات کاتی چونە سەر کێوی پیرۆزی (**صەفا و مەڕوە**) یە، ئیسماعیلی کوڕی ئیسحاق لە حەتبەوە ئەویش لە هەمامی کوڕی یەحیاوە ئەویش لە کوڕی عومەرەوە ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت ڕیوایەتیانکردووە کە ابن عمر لەسەر صەفا (٣) سێ جاردەیوت **﴿ لااله الاالله وحده لاشريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيءٍ**





**قدير،ثم يصلّى على النبى صلى الله عليه وسلم ثم يدعوا ويطيل القيام والدعاء ثم يفعلوا على المروة مثل ذالك﴾**.

واتە: هیچ خودایەك نیە شایەنی پەرستش بێت جگە لە خوا، ئەو خودایە هاوەڵی نیە موڵك و سوپاس تەنها بۆ ئەوە وە هەر ئەوە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە،پاشان درووود و صەڵاواتی دەنارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) پاشان دوعای دەکرد و درێژەی دەدا بە وەستانی و بەنزاکانی دواتر ئەم کارەی بە هەمان شێوە لەسەر (**مەڕوە**) ش ئەنجام دەدا.

کاری ئەم هاوەڵە بەڕێزە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەوا موسڵمان دەتوانێت لەو کاتەدا سەلام و صەلاێت بنێرێت بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

٩- یەکێکی تر لەو کاتە پیرۆزانەی کە صەڵاوات تێیدا پێشکەش دەکرێت لەکاتی تەواوکردنی خەتمی قورئانی پیرۆز دا چونکە ئەم کارە پیرۆزە بریتیە لە بەسەربردنی ئەوکاتە زێڕینانەی کە دوعا گیرادەبێت تیایاندا بۆیە صەڵاوات پێشکەشکردن بەپێغەمبەر (ﷺ) لەم کاتەدا دەبێتە هۆکاری گیرابوونی ئەوخەتمەی کە بەشێك لە تەمەنی و لەکاتی تەرخانکردووە بۆ چونەخزمەت ئەو قورئانە.

**ابی حارث** لەڕیوایەتێکدا دەفەرموێت کە ئەنەس ڕەحمەتی خوای لێبێت کاتێك خەتمی قورئانی تەواو دەکرد خێزان و ماڵ و منداڵەکەی کۆدەکردەوە و دوعایان دەکرد و صەڵاواتیان دەدا.

١٠- کاتێکی تر لەو کاتانە کە دەبێت صەڵاوات پێشکەش بکەین ئەوکاتەیە کەناوی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر نامەیەك یاخود کتێبێك تۆماردەکەین، کە بەداخەوە ئەڵێم لای هەندێك کەس ئەم خاڵە فەرامۆش کراوە بەوەی کەناوی دەنوسرێت تەنها بەپیتی (ص) یاخود (د.خ) کۆتایی پێ

دەهێنن ئەمەش بەبیانوی کورت کردنەوەی تەعبیر و چەند شتێکی تر. لە ئەبی هورەیرەوە ڕزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی ﴿**من صلى عليَّ في كتابٍ لم تزل الملائكة يستغفرون له مادام اسمي في ذالك الكتاب**﴾ رواه البخاري.

واتە هەرکەسێك لە کتێبێکدا دروودم لەسەر بدات ئەوە بەردەوام فریشتەکان داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن لەلای پەروەردگار، تاکو ناوی من لەو کتێبەدا بێت.

عبدالله ی کوڕی حەکەم دەڵێت: شافیم لە خەوم دا بینی و پێم ووت: خوای گەورە چۆن پاداشتی دایتەوە ؟ لە وەڵام دا فەرمووی خوای گەورە ڕەحمی پێکردم و لێم خۆش بوو وەك زاوا خستمیە ناو بەهەشتەوە (ئەوەندە بە جوانی پێشوازی لێکراوە) دواتر عبدالله دەڵێت: پرسیارم لێکرد چۆن گەیشتیتە ئەم پلە بیٚ وێنە یە؟ لە وەڵام دا بانگ کەرێك وەڵامی دامەوە و ووتی: شافیعی دەڵێت لەو نامەیەی کەناردم بۆت سەبارەت بە سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دواتر عبدالله دەڵێت ووتم: ئەم صەڵاواتە لەو نامەیە دا چۆنە ؟ فەرمووی: (**وصلى الله على محمد عدد ما ذكره الذاكرون و عدد ما غفل عن ذكره الغافلون**) دواتر دەڵێت: کە بەیانی هەستام سەری نامەکەم کرد ئەو صلاَواتەی کە شافیعی لە خەوەکەدا پێی ووتم بەدیم کرد. جلاء الافهام (ص ٢٤٧)

– ئەمە ئەو شوێن و کاتە پیرۆزانە بوون کە صەڵاوات تیایاندا خێری تایبەتی خۆی هەیە، بەندە تەنها ئەوەندەم پەی بردووە پێدەچێت شوێن و جێگای تریش هەبێت کە صلاَوات بدرێت لە دیداری پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە لە بێئاگایی بمانپارێزێت تا لە خێری صەڵاوات بێبەش نەبین.

* * *





# هەڵوێستەیەك لەبەردەم ئایەتی

﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا﴾ (٥٦). سوره الاحزاب.

خۆشەویستان دیارە ئەگەر بێت و جارێکی تر سەربدەینەوە لە ئایەتی گەوهەر ئاسای سورەتی (**الاحزاب**) بەشێوازێکی جوان و شایان بەو ئایەتە، هەڵوێستە بکەین تاوەکو بزانین چی لەخۆی گرتووە و چی لەئێمە داوا دوادەکات وەك ئیماندار و شوێنکەوتووی (محمد) (ﷺ)، تاوەکو زیاتر و زیاتر خۆشەویستی ئەو کەسایەتیە بەرز و بەڕێزەمان لا شیرین تر بێت و لەژیانی ڕۆژانەماندا ڕەنگ بداتەوە، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا﴾ (٥٦). سوره الاحزاب. ئەتوانین بڵێین ئەم ئایەتە پیرۆزە لەچەند بەشێك پێك هاتووە کەهەریەك لەو بەشانە جێگەی تێڕامان و بایەخدانن.

سەرەتای ئایەتەکە بە وشەی دڵنیایی دەست پێدەکات و دواتر بەناوی گەورەی خوا (**الله**) زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشێت، خوای گەورە ئەو خوایەی کە ئەم گەردوونە فراوانەی دروست کردووە و ئاگای لەهەموو شتێك هەیەو بەدی هێنەری سەرجەم ئەوشتانەیە کە بە فەرمانی ئەو ژیان بەسەر دەبەن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان ئەنجام دەدەن، پەروەردگارێك کە هەناسەکانیانی بە دەستە کە هاوەڵی نیە و نە لە کەس بووە و نەکەسیشی لیٚ دەبێت، خوایەك کەسەرجەمی پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ڕێنمایی خەڵکی بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕاستی و پاکی دورخستنەوەیان لەڕێگەی چەوت و لاسار..

خوایەك كەلە هەموو زمانەكان تێدەگات خوایەك كەڕەنگە جیاوازەكانی بەخشیوەتە بەندەكانی خۆی خوایەك بەم هەموو گەورەیی و دەسەڵاتەوە داوا لە بەندەگەلێكی بچوكی خۆی دەكات تاوەكو یەكێكی تر لە فەرمانەكانی جێبەجێ بكەن.

پاشان ئایەتە پیرۆزەكە ئاماژە بە فریشتەكان دەكات ئەو فریشتانەی خوای گەورە بە (**عبادٌ مكرمون**) ناویان دەبات، ئەو فریشتانەی كەسیفەتیان وایە بەرانبەر بەندەكانی خوا (**ویستغفرون لمن فی الارض**) ئەو فریشتانەی كە چاودێرن بەسەر مرۆڤەكانەوە ئەوانەی كەخوای گەورە دەربارەیان دەفەرمێت (**مایلفظُ من قولٍ الا لدیه رقیبٌ عتید**) ئەو فریشتانەی كە كاری تایبەتیان بۆ دانراوە لەلایەن خوای گەورە وەك (**جبریل**) نیگا هێنەر بۆ پێغەمبەران (**میكال**) بڵاوكەرەوەی ڕۆزی خوای گەورە بەسەر بەندەكانیدا (**ملك الموت**) گیانكێشەری بەندەكانی خوای گەورە، وەچەندین فریشتەی تر كەتەنها خوای گەورە ژمارەیان دەزانێت وەك دەفەرمێت (**ومایعلم جنود ربك الا هو**).

ئەمانە لەگەڵ خوای گەورە دا چی ئەنجام دەدەن و دەیڵێنەوە ووتەیەك كەدڵەكان كەمەن كێش دەكات بۆلای خۆی، ووتەیەك كە ئارامی دەبەخشێت بەگیان و دڵ و دەروون ووتەیەك كە پاداشتی كەم وێنەی بۆ دیاری كراوە، ووتەیەك كە بە ڕاستی دەبێتە مایەی نزیك بونەوەی نزیكان و شوێنكەوتوانی ئەو زاتە مەزنە، ئەویش (**یصلون**) دروود دەنێرن كام دروود كام صەلاوات نابێت بزانین دروودی خوای گەورە چۆنە بۆ ئەم خۆشەویستەمان؟ نابێت بزانین ئایا دروودی خواو فریشتەكان وەك ئەو درووده وایە كەئێمە ڕۆژانەو لەچەند كاتێكی دیاری كراودا پێشكەشی دەكەین بەو ئازیزەمان؟ بەڵێ خۆشەویستان ئەی شوێن كەوتوانی (**محمد**) (ﷺ) دروودی خوای گەورە





بریتیە لەڕێز و سوپاس كردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئەوەی كەئەركی سەرشانی بەپاكی جێبەجێ كرد ئەزانن بۆچی ئەزیزان؟ چونكە دوا پێغەمبەریەتی (ﷺ) لەم سەرزەویەدا، دوا نێردراویەتی بۆ ئەم گرۆی ئادەمیزادە.

پێغەمبەرێك (ﷺ) كە ژیانی تەرخانكرد بۆ گەیاندنی پەیامی خوا، بۆ گەیاندنی ڕاستی، بۆ گەیاندنی خۆشبەختی دونیا و دواڕۆژ..

لەبەرانبەردا خوای گەورە ڕیزی لێدەنێت و ناوی بە هەمیشەیی دەهێڵێتەوە، ناوی دەخاتە لای ناوی پیرۆزی خۆیەوە لەقورئانی پیرۆزدا وەك (**محمد رسول الله**) (**من یطعِ الرسول فقد اطاع الله**) هاتووە ئەی ئێمە ڕۆژانە نابیستین لە بڵنگۆی مزگەوتەكانەوە دوای ووتنی (**اشهد ان لااله الاالله**) ڕاستەوخۆ ناوی كێ دەبرێت (**اشهدان محمد رسول الله**).

كەواتە ئەم زاتە زاتێكی گەورەیە زاتێكە كە بەڕاستی شایەنی شوێنكەوتنی ڕاستەقینەیە، شایەنی خۆشەویستیەكی كەم وێنەیە خۆشەویستیەك دەبێت پێشەنگی هەموو خۆشەویستیەكی تربێت.

دیارە زانیمان كە دروودی خوا بۆ پێغەمبەر(ﷺ) كامەیە وەرن بابزانین فریشتەكانی خوای گەورە چۆن دروود دەنێرن بۆ پێغەمبەر (ﷺ)؟

دروودی فریشتەكانی خوای گەورە بریتیە لە پاڕانەوەو داوای پلەی بەرز بۆ پێغەمبەر (ﷺ) پارانەوەیەك كە گەڕانەوەی نیە، دوعایەك كە عەریزەی ناوێت دوعایەك كەلە
كۆمەڵێك دروستكراوی ڕێزلینراوی خواوە دەكرێت بۆ چاكترین و پاكترینی بەندەكانی خوا لەسەر زەوی كەئەویش پێغەمبەری ئازیزمانە (ﷺ).

دواتر گەر کەمێك زیاتر وورد ببینەوە لەئایەتە پیرۆزەکە بۆمان دەردەکەوێت کە داواکاریەکە پاش ئەم پێشەکیە پڕ خێرە کەلەسەرەتای ئایەتەکەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕووله گرۆی ئیماندران دەکات کەئیمانیان هێناوە (**بە خواو بە فریشتەکان و بە کتێبە ئاسمانیەکان و بە پێغەمبەران و بەڕۆژی دوایی و بە قەزاو قەدەر**) ڕوو لە ئێمە دەکات وەك ئەوەی خوای گەورە بفەرمێ ئایا دەتانەوێ پلەی زیاترتان پێ ببەخشم، کێ لە ئێوە ئارەزووی ئەوەی هەیە کەزیاتر لەمن نزیکتر بێتەوە ؟ کێ لەئێوە هەیە حەزدەکات زیاتر گوێڕایەڵی من بێت ؟ خۆشەویستان ئەوە ئێمەین دەبێت لە وەڵامدا بڵێین : بەڵێ بەڵێ ئەی خوای گەورەو بەدەسەڵات ئێمەین دەمانەوێت دڵمان زیاتر وابەستەکەین بەخۆشەویستی خۆت و پێغەمبەرەکەتەوە (ﷺ)، ئێمەین دەمانەوێت هاوتا لەگەڵ خۆت و فریشتە ئازیزەکاندا درووود بنێرین بۆ پێغەمبەرەکەمان (ﷺ).

خوێنەرە بەڕێزەکان دەبینین ڕاستەوخۆ ڕووی ووتاری خۆیی ڕوو لەئیمانداران دەکات (**یاایها الذین امنوا**) ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بەمن و بەو شتانەی لەسەرم پێویست کردوون..(**صلوا**) درووود بنێرن، صەلاوات بدەن لەسەرکێ ئەی خوای پەروەردگار درووودو صەلاوات بنێرین ؟ ڕاستەوخۆ خوای گەورە دەفەرمێت (**علیه**) واتە لەسەر ئەو پێغەمبەرەی کە من و فریشتەکان سەلاواتی لەسەر پێشکەش دەکەین (**اللهم صلی علی محمد و علی اله وصحبه وسلم**).

ئازیزان ئەوەش بزانین کەلە کۆتایی ئایەتە پیرۆزەکەدا داواکاری دووەم دێتە ئاراوە، کامەیە ئەو داواکارییە ؟ بریتیە لە (**وسلم تسلیما**).

لێرەوە لەڕوانگەی ئەم ئایەتە بەرزو پیرۆزەوە بۆمان دەردەکەوێت کەسەلاوات و سەلام ناردن بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) گرنگی و



دروودی خوایی — میهرەبان حەحە سعید

تایبەتمەندی خۆی هەیەو دەبێت مرۆڤی موسڵمان و شوێنکەوتوی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) بەئاگابێت و هەوڵی بە دەستخستنی ئەو سوود و کەڵکانەی کە لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم فەرمانەی خوای گەورەوە دەستی دەکەوێت هەوڵیان بۆ بدات و لە ژیانیدا ڕەنگ بدەنەوە..

بۆیە ئەم پەڕاوە باس لە گرنگی و گەورەیی و سود و کەڵکی صەلاوات و ئەو شێوازانە دەکات، کە چۆن صەلاوات بدەین لە دیداری پێغەمبەرمان (ﷺ) و لە چ کات و شوێنێکدا و، پاداشتی ئەو درووودانە دیاری دەکات..

بە هیوای ئەوەی بتوانین دڵ و دەروونمان زیاتر پاك بکەینەوە و ببینە شوێنکەوتوویەکی ڕاستەقینەی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ)..

## - سینەی بێ کینە - محمد صەلاوات -
## صلی الله علی محمد صلی الله علیه وسلم

چۆن صەلاوات نادەین لەتۆی ئازیز ئەی پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) لە کاتێکدا کە تۆ خوای گەورە بە (**رحمةً للعالمین**) ناوی بردووی – چۆن صەلاوات نادەین لە دیدارت لەکاتێکدا خوای گەورە دەربارەت دەفەرمێت (**وانك لعلی خلق عظیم**) چۆن صەلاوات و سەلامی خۆمان پێشکەش بەتۆ ناکەین چۆن صلاوات و سەلامت پێشکەش نەکەین کەخوای گەورە مژدەی پێداوی بەوەی (**ورفعنا لك ذکرك**) چۆن صەلات و سەلامت بە دیاری بۆ نانێرین لە کاتێکدا خوا شایەتی لەسەر داویت (**وکفی بالله شهیداً محمد رسول الله**) چۆن صەلات و سەلامت بە دیاری بۆ نانێرین لە کاتێکدا کە تۆ نێردراوی خوایت و نیگات بۆ هاتووە (**اقرا باسم ربك الذی خلق**) ئەی تۆ ئەو زاتە پیرۆزە نیت کە خوا دەفەرمێت دەربارەت

(**وماینطق عن الهوی ان هو الا وحي یوحی**) تۆ ئەو زاتە نیت کە گەورەترین خەڵاتی پێداویت لە دونیادا (**انا انزلنا علیك الكتاب بالحق**).

ده پەیمان بێت دواساتەکانی تەمەنمان شوێن پێی تۆ هەڵگرین و سوننەتە شیرینەکانت زیندوو ڕاگرین و ناوت لەسەر دڵمان و کردارت لە ژیانمان و نورت لە سەرچاوانمان و ئازارت لەسەرسەرمان و ئەرکی گەیاندنی پەیامت لەسەرشانمان بێت، بەهیوای دیدارت ئەی خۆشەویستمان.

* * *





# سودەکانی صەڵاوات

سودەکانی صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) زۆرن،بەڵام من لێرە دا هەندێکیان دەخەمەڕوو بۆ زیاتر دڵخۆشی خوێنەری ئازیز،تاکو ببنە هۆی ئەوەی صەڵات و سەلام زیاتر پێشکەش بە پێغەمبەر بکات (ﷺ) وە بەهۆیانەوە خوای گەورە خۆشەویستی خۆیی و پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر کات لە نێو دڵ و دەروونیدا و ببێتە کەسێك کە زۆرێك لە کاتەکانی تەمەنی پڕ نوور بکات بە ناردنی صەڵات و سەلام بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر (ﷺ).

سودەکانیش ئەمانەن :

١- جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە،چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا﴾ (٥٦). سوره الاحزاب.

واتە خوای گەورە لەگەڵ فریشتەکانیدا صلاوات دەدەن لە دیداری پێغەمبەر (ﷺ) ئەی ئیمانداران ئێوەش دروود و سەلامی خۆتان پێشکەش بکەن بە پێغەمبەر (ﷺ).

سەهلی کوڕی عبداللە دەڵێت : صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە باشترین پەرستشەکانە چونکە خوای گەورە لە خۆی و فریشتەکانیەوە دەستی پێکردووە، پاشان فەرمانی فەرمووە بە ئیمانداران، گەر سەرنج بدەین پەرستشەکانی تر وانین.

٢- هاوتایی صەلاۆاتی ئێمە لەگەڵ سەلاۆاتی خوای گەورە هەرچەندە جیاوازیان هەبێت بەو واتایەی صەلاۆاتی ئێمە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) نزاو پاڕانەوەیە بەلاّم صەلاۆاتی خوا سوپاس و ڕێزلێنانە بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

٣- هاوتایی لە گەڵ فریشتەکاندا لە صەلاۆاتدان لە دیداری پێغەمبەر (ﷺ).

٤- لە مانە گرنگتر ئەمەیە کە خوای گەورە صەلاّت و سەلامی خۆی دەڕژێنێتە سەر ئەو بەندەیەی کە صەلاّت و سەلام دەنێرێت بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

**عن ابی هریرة رضی الله عنه عن النبی صلی الله علیه وسلم انه قال : ﴿ من صلی عليَّ واحدة صلی الله علیه عشرا ﴾** رواه مسلم.

واتە هەریەکێك لە ئێوە صەلاۆاتێکم لێبدات لە بەرانبەردا خوای گەورە (١٠) دە صلاۆاتی لەسەر دەدات.

٥- فریشتەکان صەلاۆات دەدەن لەسەر ئەو کەسانەی کە صەلاۆات دەدەن لە دیداری پێغەمبەر (ﷺ).

**عن عامر بن ربیعة قال : قال الرسول الله صلی الله علیه وسلم ﴿ من صلی عليَّ صلاة لم تزل الملائكة تصلي علیه ماصلی عليَّ فلیقل عبد من ذالك او لیكثر ﴾** رواه احمد.

واتە: هەربەندەیەك لە بەندەکانی خودا صەلاۆاتێك بدات لەسەر من ئەوا فریشتەکان صەلاۆات دەدەن لەسەر ئەو تاکو بەردەوام بێت لەسەر صەلاۆاتەکانی ئەوانیش بەردەوام دەبن هەر بەندەیەك لە ئێوە چۆن صلاۆات دەدات باوابێت یاخود زیاتری بکات.





٦- خۆش بوون لەتاوان و سڕینەوەی خراپە.

٧- دەستخستنی چاکە.

٨- بەرزبونەوەی پلەی دواڕۆژ.

بەڵگەش بۆ ئەم سێ (٣) خاڵەی سەرەوە ئەم فەرمووده پیرۆزەیە کە زیاتر دڵخۆشمان دەکات بە پاداشتی صەلاۆات وە زیاتر دڵمان کەمەنکێش دەکات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ).

**عن ابی طلحة رضی الله عنه قال : ﴿ دخلت علی النبی صلی الله علیه وسلم یوماً فوجدته مسروراً فقلت یارسول الله ( صلی الله علیه وسلم ) مأدری متی رایتك احسن بشراً وأگیب نفساً من الیوم، قال (ﷺ) وما یمنعونی وجبریل خرج من عندی الساعه فبشرنی ان لكل عبدٍ صلی عليَّ صلاةً یكتب له بها عشرُ حسناتٍ ویمحی عنه عشرُ سیئات ویرفع له عشرُ درجات وتعرج عليَّ كما قالها ویرّد علیه بمپل مادعی ﴾** رواه عبدالرزاق.

واتە : ئەبی تەڵحە دەڵێت ڕۆژێك چومە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بینیم زۆر دڵخۆشە، پێم ووت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نازانم دەمێکە وانەم بینیوی بۆئەوەندە دڵخۆش و کامەرانی ئایا هیچ بووە؟ فەرمووی ئەی بۆ دڵخۆش نەبم ئێستەو لەم کاتەدا (**جبریل**) لەلام بوو ئیستەش بەجێی هێشتم وە مژدەی پێدام کە هەربەندەیەك لە بەندەکانی خوا صەلاۆاتێکم لەسەر بدات خوای گەورە لە بەرانبەردا (١٠) دە چاکەی بۆ دەنوسێت، (١٠) دە گوناهیشی لەسەر دەسڕێتەوە، (١٠) دە پلەش بەرزی دەکاتەوە، لەمەش زیاتر ئەو صەلاۆاتانە بە من دەگەیەنرێ هەروەك ئەوەی بۆ منی ناردووە، وە ئەو صەلاۆاتەی کەئەو بەندەیە دەینێرێت بۆ من بە هەمان شێوەش ئەو صەلاۆاتە دەدرێتەوە لەسەر خۆی.

٩- ئەبێتە مایەی بە دەست هێنانی شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی زیندوو بوونەوەدا بەڵگەشمان بۆ ئەم خاڵە فەرموودەیەکە کە ئەبو دەردا ڕەزای خوای لێبێت دەیگێڕێتەوە و دەڵێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿ **من صلى عليَّ حين يصبح عشراً وحين يمسى عشراً ادركته شفاعة يوم القيامة** ﴾ رواه الطبرانى.

واتە : هەرکەسێك بەیانیان (١٠) دە صەلاٌواتم لەسەربدات وە ئێوارانیش بەهەمان شێوە (١٠) صەلاٌواتم لەسەربدات، ئەوا لەڕۆژی دوایدا شەفاعەتی من بەدەست دەهێنێت.

خوای گەورە لە شەفاعەتی ئەو خۆشەویستە بێبەشمان نەکات (**انشاء الله**)

١٠- هۆکارێکە بۆ نزیك بونەوەمان لە پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی دوایدا، کێ هەیە لە ئێمە حەزنەکات کەسێکی باش و چاك خاوەنی خوڕەوشتێکی جوان و نایاب ببێتە نزیك و دراوسێی؟ ئەی کێ لە ئێمە حەزناکات ببینە دراوسێ و نزیکی خۆشەویسترین کەس کە پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

**عن ابى أُمامة قال :﴿ قال الرسول الله صلى الله عليه وسلم اكثروا عليَّ من صلاة فى كل يوم جمعة فان صلاة امتى تعرض عليَّ فى كل يوم جمعة فمن كان اكثرهم عليَّ صلاةً كان أقربهم منى منزلةً** ﴾ رواه البيهقى.

لە ئەبی ئومامەوە ڕزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: زۆر صەلاٌوات لەسەر من بدەن لە ڕۆژانی هەینی دا چونکە صەلاٌواتی ئوممەتەکەم بەمن دەگات و پێشکەشم دەکرێت لەڕۆژانی هەینیدا، هەرکەس لەئێوە زۆر صەلاٌواتی ناردبێت ئەوەتان زیاتر لە منەوە نزیکترە.

١١- ئەنجامدەری صەلاٌوات بە شێوازێکی جوان و شیاو و لە دڵێکی پاکەوە لەپێشترە لە خەڵکانی تر لەپێغەمبەرەوە (ﷺ).





**عن عبدالله بن مسعود رضى الله عنه ان الرسول الله صلى الله عليه وسلم قال: ﴿أول الناس بي يوم القيامة اكثرهم عليَّ صلاةً** ﴾.

واتە : لە عبدالله کوڕی مەسعودەوە ڕەزاوڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لە پێشترینی کەسێك لەناو خەڵکدا بۆ من کەسێکە کە زۆر صەلاٌوات لەسەر من بدات.

دەساخوایەگیان لەوانەمان بگێڕە کە نزیکی ئەو خۆشەویستەن و دەبینە دراوسێ و خۆشەویستی ئەو.

١٢- پێشکەش کردنی صەلاٌوات دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی ئەوکەسەی صەلاٌوات دەدات لە دیداری پێغەمبەر (ﷺ) لەناڕەحەتی و ناسۆرییەکانی ڕۆژی دوایی.

**عن أنس بن مالك قال : ﴿ قال الرسول الله صلى الله عليه وسلم يأيها الناس ان انجاكم يوم القيامة من اهوالها ومواطنها اكثركم عليَّ صلاةً فى دار الدنيا** ﴾. رواه الديلمى.

واتە : ئەوەتان کە زۆر صەلاٌوات لەسەر من دەدات لە دونیا دا ڕزگاری دەبێت لە ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی دوایی.

١٣- خاوەنی صەلاٌوات دەخاتە سەر ڕێگای بەهەشت و بەرچاوڕوونی دەکات.

١٤- دەبێت بەنور و ڕۆشنایی بۆ ڕۆژی دوایی ئەو کەسە.

١٥- دەبێتە مایەی جوانی و ڕازاندنەوەی کۆڕ و دانیشتنەکان.

**عن عمر رضى الله عنه قال : ﴿ قال الرسول الله صلى الله عليه وسلم، زينوا مجالسكم بالصلاوات عليَّ فان صلواتكم عليَّ نور لكم يوم القيامة** ﴾.

واتە كۆڕ و دانیشتنەكانتان برازێننەوە بە دروود و صەڵاوات لەسەر من دەبێتە نور و ڕۆشنایی قیامەت و دواڕۆژتان.

١٦- بەهەمان شێوەش دەبێتەمایەی بۆن خۆشی و پاك و خاوێنی دڵ و دەروونی ئامادەبووانی كۆڕێك یان دانیشتنێك، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) پێشەوای چاكان و پاكانە.

١٧- هەروەها ناردنی دروود و صەڵاوات دەبێتە مایەی خۆش بەختی ئامادەبووانی ئەو كۆڕەی یاخود ئەو كۆمەڵە كەسەی دانیشتوون وانەیەك دەخوێنن و بە سەپاسی خوا دەست پێدەكەن و پاشان دروود و صەڵاوات دەنێرن بۆ گیانی پاكی پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە ئەنجامدانی ئەم كارە نابێتە مایەی دڵتەنگ بوونی ئامادەبووان لە كاتی جیابوونەوەیان لە دونیادا و زیندووكردنەوەیان لە ڕۆژی دوایدا.

**عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : ﴿ قال الرسول الله صلى الله عليه وسلم، ماجلس قوم مجلساً لم يذكروا الله فيه ولم يصلوا على نبيهم الا كان عليهم ترة – أي حسرةً وندامة – فان شاء عذبهم وان شاء غفر لهم ﴾**. رواه الترمذي.

واتە هەر كۆڕ و دانیشتنێك كە دائەنیشن، گەر ئەو كۆڕ و مەجلیسانە یادی خوای تێدا نەكرێت و دروود نەدرێت لەسەر پێغەمبەرەكەیان (ﷺ) ئەوە ئەو كات ئەو مەجلیسە دەبێتە مایەی نارەحەتی و پەشیمانی دەربڕینیان لە ڕۆژی دوایدا. گەر خوای گەورە ویستی لەسەر بوو ئازاریان دەدات یاخود لێیان خۆشدەبێت.

١٨- ناردنی دروود بۆ گیانی پاكی پێغەمبەر (ﷺ) هۆكارێكە بۆ ڕزگاربوون لە سیفەتی تووڕەی و ڕزگاربوون لە ئاگری كڵپەداری دۆزەخ و





نیشتەجێ بوون و نزیك بوونەوە لەو كەسانەی كە شەهید بوون لە پێناوی خوای گەورەدا.

**عن أنس بن مالك رضي الله عنه قال :﴿ قال الرسول الله صلى الله عليه وسلم، من صلى عليَّ صلاة صلى الله عليه عشرا، ومن صلى عليَّ عشرا صلى الله عليه مائةً، ومن صلى عليَّ مائةً كتب الله بين عينه براءةً من النفاق وبراءة من النار،واسكنه الله يوم القيامة مع الشهداء﴾**. رواه الطبراني.

واتە : لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی هەركەسێك صڵاواتێك لەسەر من بدات خوای گەورە (١٠) دە صەڵاواتی لەسەر دەدات، وە هەر كەسێك (١٠) دە صەڵاواتم لەسەر بدات خوای گەورە (١٠٠) سەد صەڵاواتی لەسەر دەدات، هەركەسێك (١٠٠) سەد صڵاوات بۆ من بنێرێت خوای گەورە لە پاداشتی ئەوەدا لەنێوان هەردوو چاوانیدا كە ئەم بەندەیەم بەدوورە لە دووڕوویی، دوورە لە ئاگری دۆزەخ، وە دەبێتە نزیكانی شەهیدان و لەگەڵ ئەواندا دادەنیشێت.

١٩- دەبێتە هۆكاری لابردنی هەژاری و تەنگەلانی ژیانی دونیا.

**عن سمرة رضي الله عنه قال :﴿ قال الرسول الله صلى الله عليه وسلم كثرة الذكر والصلاة عليَّ تنفى الفقر ﴾**. رواه ابوا نعيم.

واتە زۆری زیكر و یادی خوای گەورە و دروود و صەڵاوات ناردن بۆ من فەقیری ناهێڵێ لێرەدا ڕوونكردنەوەیەك پێویستە كەوا خوێنەری بەڕێز وا تێنەگات كە مرۆڤ لە مزگەوت یان لە ماڵەوە دا دابنیشێت یادی خوا بكات و سەڵاوات بنێرێت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و نەچێتە دەرەوە بۆ پەیداكردنی بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵەكەی بە بیانوی ئەوەی كە ئەم فەرموودەیەی بینیوە بەڵكو ئەم فەرموودەیە لەگەڵ ئەو كەسانەیدایە كە لە ڕێگەیەكی حەڵاڵەوە

خەریکی پەیداکردنی بژێوی ژیانیان و لەگەڵ ئەوەشدا یادی خوا دەکەن و دروود و صەلاوات دەنێرن بۆ پێغەمبەرەکەیان (ﷺ).

٢٠- شایەتی دان و شەفاعەتکردنی بۆئەو کەسەی کە صەلاوات دەنێرێت بۆ پێغەمبەر(ﷺ).

**عن أبی هریرة رضی الله عنه قال : ﴿ قال الرسول الله صلی الله علیه وسلم مامن عبد مسلم یسلم عليَّ عند قبری الا وكل الله به ملكاً یبلغنی و كفي أمر اخرته و دنیاه وكنتُ له شهیداً وشفیعاً یوم القیامة ﴾**. رواه البیهقی.

واتە هیچ بەندەیەکی موسڵمان نیە کە دێتە سەر گۆڕەکەم و سەلامم لێ دەکات ئەوە خوای گەورە فریشتەیەکی تەرخان کردووە کە سەلامی ئەو بەندەیەم پێ بگەیەنێ، ئەو کارەی دەبێتە مایەی ئەوەی کە من لە ڕۆژی دوایدا ببم بە شاهید و تکاکار بۆی لە ڕۆژی دوایی دا.

٢١- پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەڵامی دروود و سەلامی ئێمە دەداتەوە.

**عن أبی هریرة رضی الله عنه قال : ﴿ قال الرسول الله صلی الله علیه وسلم مامن أحد یسلم عليَّ الا رد الله علی روحی حتی أرد علیه السلام ﴾**. رواه ابو داود.

واتە: هەرکەسێك دروود و سەلامم لەسەر بدات ئەوە خوای گەورە ڕۆح دەبەخشێتەوە بە گیانم و وەڵامی سەلامەکەی دەدەمەوە.

٢٢- دەبێتە مایەی ئەوەی کە مرۆڤی ئیماندار هیوای هەبێت بە گیرابوونی نزاکانی گەر هات و دوای سوپاسی خوای گەورەو دروود ی نارد بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر (ﷺ).





**عن عبدالله بن مسعود رضی الله عنه عن النبی صلی الله علیه وسلم انه قال :﴿ اذا اراد احدکم ان یسأل فلیبدأ بالمدح وثناء علی الله بما هو اهله ثم لیصلی عليَّ ثم لیسأل بعد فانه اجدر ان ینجح ﴾**. رواه الطبرانی.

واتە: هەرکەسێك لە ئێوە گەر ویستی بپاڕێتەوەو دوعا بکات ئەوا با سەرەتا بە سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەست پێ بکات بەوەی کە شایەنی خوای گەورەیە وە پاشان دروود بنێرێت بۆ من و پاشان نزاکانی ئەنجام بدات بەم شێوازە باشترو چاکترە بۆئەوەی دوعاکانتان گیرابێت

٢٣- ئەگەر هاتوو هەرکەسێك بەپێچەوانەی خاڵی پێشوو واتە دروود پێشکەش نەکات بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوا دوعاکانی گیرانابن و وەڵام نادرێنەوە، علی کوڕی ابوتالب ڕزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوەو دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: **﴿ الدعاء محجوب عن الله حتی یصلی علی محمد و علی اله محمد﴾** رواه البیهقی.

واتە : دوعا ڕادەگیرێت لەلای خوای گەورە تاوەکو دروود پێشکەش دەکرێت بە محمد (ﷺ) و ئەندامی خێزانەکانی و شوێنکەوتوانی.

٢٤- پێشکەشکردنی سەلاوات دەچێتە جێگەی خێر و چاکەکردنەوە بۆ کەسێك کە توانای نیە لە ڕووی ماڵ و داراییەوە خێر و چاکە بکات.

**عن ابی سعید الخدری رضی الله عنه عن الرسول الله صلی الله علیه وسلم قال : ﴿أیّما رجل مسلم لم یکون عنده صدقة فلیقل فی دعائه : اللهم صلِّ علی محمد عبدك ورسولك وصلِّ علی المؤمنین والمؤمنات والمسلمین والمسلمات فأنها زكاةٌ﴾**. رواه ابن حبان.

واتە : هەرکەسێکی ئیماندار نەیتوانی خێربکات لەبەر نەبونی، ئەوا بابڵێت خوایە دروود و سەلاواتی خۆت بنێرە بۆ سەر محمد (ﷺ) بەندەو پێغەمبەری

خۆت، وە دروودو سەلاْوات بنێرە بۆ سەر ئیمانداران و موسڵمانان لە پیاوان و لە ئافرەتان ئەوە دەبێتە زەکات.

٢٥- دروودو سەلاْوات ناردن دەبێتە هۆکاری جێبەجێکردنی (١٠٠) سەد پێویستی دونیا و دواڕۆژ وە ئەو دروودو سەلاْواتە دەنوسرێت لە نامەی کارو کردەوەکانیدا.

**عن أنس بن مالك رضى الله عنه عن النبى صلى الله عليه وسلم انه قال : ﴿ انَّ اقربكم منى يوم القيامة فى كل موطنٍ اكثركم علىَّ صلاةً فى الدنيا، من صلى علىَّ فى يوم الجمعة وليلة الجمعة مائة مرَّة قضى الله له مائة حاجة، سبعين من حوائج الاخرة و ثلاثين من حوائج الدنيا ثمَّ يوكِّل الله بذالك ملكاً يدخله فى قبرى كما يدخل عليكم الهدايا يخبرنى من صلى علىَّ باسمه ونسبه الى عشيرته فأثبته عندى فى صحيفة بيضاء ﴾** رواه البيهقى.

خوێنەری بەڕێز وەرە باپێکەوە لە واتاو مانای ئەم فەرموودە شیرینە بگەین تاوەکو بزانین خۆشەویستمان چ مژدەیەکمان دەداتێ، ئەنەسی کوڕی مالك ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی نزیك ترین کەس لە ئێوە لەڕۆژی دوایدا لەمنەوە لە هەموو شوێن و جێگەیەك دا ئەوانەتانن کە زۆر سەلاْوات بۆ من دەنێرن لە دونیادا، هەرکەسێك دروودو سەلام بنێرێت بۆم لە شەوو ڕۆژی هەینیدا (١٠٠) سەد جار، ئەوا لە بەرامبەردا خوای خوای گەورە (١٠٠) سەد پێداویست بۆ جێ بە جێ دەکات، (٧٠) حەفتا دانەیان لە پێداویستیەکانی ڕۆژی دوایی و (٣٠) سی دانەیان لە پێداویستیەکانی دونیا، پاشان خوای گەورە فریشتەیەکی تەرخان کردووە کە ئەو سەلاْواتانە دەگەیەنێتە لای من هەروەك چۆن دیاری و خەلاْتەکان دێتە ناو





ماڵەکانی ئێوەوە، ئەو فریشتەیە ئاگادارم دەکاتەوە لەو کەسەی کە درووود و سەلامی بۆ من دەنێرێت لە ناوەکەی و ڕێچکەکەی تا دەگاتە لای هۆزەکەی، لە بەرمبەردا ناوی لای خۆم تۆماردەکەم لە پەڕەیەکی پرشنگدارا.

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست ئەو کاتە پڕ خێرە لە دەست خۆت مەدەو تا ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە لای خوای گەورە شەوو ڕۆژی هەینی (١٠٠) سەد درووود پێشکەش کە بە مامۆستاکەت تاکو لەو کەسانە بیت کە ناوت لەلای ئەو تۆمار دەکرێت.

٢٦- ناوی مرۆڤ لە بەخیلی بەدوور دەگرێت گەر کاتێك ناوی پێغەمبەر (ﷺ) براو ئەویش دروودی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

لە حەسەنی کوڕی علی یە وە ڕەحمەت و ڕەزای خوا لە هەردووکیان بێت دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: **﴿ البخيل الذي من ذكرت عنده فلم يصل علىَّ ﴾** رواه الترمذى.

واتە: بەخیل ئەو کەسەیە کە ناوی من ببرێت لەلایداو درووودم بۆ نەنێرێت.

٢٧- دروودو سەلام دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا.

**عن على بن ابى طالب رضى الله عنه قال، قال الرسول الله صلى الله عليه وسلم: ﴿ صلاتكم علىَّ مرضات لربكم وزكاة لاعمالكم ﴾** رواه الديلمى.

واتە درووود و سەلاْواتی ئێوە بۆ من دەبێتە مایەی ڕەزامەندی خوای گەورەو بەرەکەتداربوونو پاك بونەوەی کردەوەکانتان.

٢٨- دەبێتە مایەی دابارینی ڕەحمەت و سۆزی خوای گەورە بۆ ئەو کەسانەی درووود و سەلام دەنێرن، بە ڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە ئەو فەرموودەیە کە

ئەنەسی کوڕی مالك ڕەزای خوای لێبێت دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرمویەتی خوای گەورە کۆمەڵێك فریشتەی تایبەت دەنێرێت بۆ ناو ئەو کۆڕو دانیشتنانەی کە یادی خوای گەورە دەکەن و دروود دەنێرن بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فریشتەکان لە کاتی گەڕانەوەیەندا بۆ خزمەت خوای گەورە دەڵێن ئەو کۆمەڵ بەندەیە داوای ڕەحمەتی تۆیان دەکردو دروود و سەلامیان دەنارد بۆ سەر پێغەمبەرەکەت (محمد ﷺ)، خوای گەورەش دەفەرموێت (**غشوهم برحمتي**) ڕەحمەتی من بڕێژن بەسەریاندا.

٢٩- ئەبێتە هۆکاری ئەوەی کەلە ڕۆژی هەرکەسێك دروود پێشکەش بکات بە پێغەمبەر (ﷺ) لە ژێر سێبەری عەرشی خوادا دەبێت، **عن أنس رضى الله عنه قال :** ﴿ **قال الرسول الله صلى الله عليه وسلم ثلاث تحت ظل العرش يوم لاظل الا ظله من فرج عن مكروب من امتي وأحيا سنتي واكثر الصلاة عليّ** ﴾.

واتە (٣) سێ کۆمەڵ لە ژێر سێبەری عەرشی خوادان لە ڕۆژێکدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری عەرشی خوانەبێت، هەرکەسێك لە ئوممەتەکەم ڕزگارکات لە ناڕەحەتیەکانی دونیا وە هەرکەسێك سوننەتەکانم زیندوو ڕاگرێت، وە هەرکەسێك زۆرترین دروود و سەڵاوات بۆ من بنێرێت.

تێبینی : خوێنەری بەڕێز ئەم فەرمودەیە جیاوازە لەو فەرمودەیەی کە (٧) حەوت کۆمەڵەکە دەچنە ژێر سێبەری عەرشی خواوە.

٣٠- دروود پێشکەش کردن ئە بێتە هۆکاری بیرهێنانەوەی ئەوەی لەبیر چووە بە یارمەتی خوا، لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ﴿ **اذا نسيتم شيئاً فصلوا عليّ تذكروه انشاء الله** ﴾ رواه ابو موسى المديني. واتە : گەر شتێکتان لە بیرچوو ئەوا سەڵاوات بنێرن بۆ من بیرتان دێتەوە گەر خوای گەورە وویستی لەسەربێت.





٣١- هۆکارە بۆ بەرەکەتی قسەو گفتوگۆی باش و جوانی ڕۆژانەمان بە مەرجێك سەرەتا بە سوپاسی خوا دەست پێ بکەین و پاشان دروود و سڵاواتمان پێشکەشکرد بە گیانی پێغەمبەر (ﷺ)، **عن ابى هريرة رضى الله عنه عن النبى صلى الله عليه وسلم انه قال :** ﴿ **كل أمرٍ ذيبال لايبدأ فيه بحمد الله وصلاتي عليّ فهو أقطع أبترٌ ممحوقٌ من كل برك** ﴾. رواه ابن المدينى والقزوينى والرهاوى.

واتە : هەر کارێك بە سوپاسی خوا دەست پێنەکات و دروود و سەڵاوات نەنێردرێت بۆ من ئەوە بە دوورەو پچڕاوە لە هەموو بەرەکەتێك.

٣٢- هۆکارێکی تری سڵاوات دەبێتە دەروازەیەك بۆ گیرابوونی ئەو نزاو پاڕانەوانەی کە ئێمە ڕۆژانە لە کاتی نوێژو لە دوای نوێژو لە کات و ساتە تایبەت و پیرۆزەکاندا ئەنجامیان دەدەین، بەمەرجێك دوعاکانمان لەسەرەتاو کۆتایدا هاوپێچ بکەین بە دروودو سڵاو لەسەرگیانی پاکی پێغەمبەر (ﷺ)، دروود و سڵاو تایبەت مەندی خۆی هەیە بۆ گیرابوونی نزاکانمان،چونکە خوای گەورەو فریشتەکانی سڵاواتیان ناردووە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەردەوام خوای گەورە دروودی خۆی پێشکەش دەکات بە پێغەمبەر (ﷺ)، هەر بۆیەش منەتی داوە بەسەر بەندەکانیداو فەرمانی پێکردوون بە سڵاوات بۆئەوەی لم شەرەفە بێ وێنەیە بێبەش نەبن بۆیە دوعاو نزای ئیماندار بە داواکردنی سڵاوات لە خوای گەورە بۆ پێغەمبەر دەبێتە مایەی گیرابوونی نزاکان.

* * *

خوێنەری بەڕێز ئەمە چەند سودێکی گرنگی سڵاوات بوو سوودی تری لەم جۆرە زۆر هەن بەڵام زانستی کەمی من تەنها پەی بەمانە برد بە هیوای سوود وەرگرتن لێیان.

**صلاه اللّه سلام اللّه — لەسەر ڕۆحی ڕەسول اللّه**
**صلاه اللّه سلام اللّه — لەسەر ڕۆحی حبیب اللّه**
**ڕۆڵەی ناسراوی ئامینە — دایك نەیدیوە لەو وێنە**
**فیدای دەموو چاوی جوانت — چەنە جوانەو چەن خاوێنە**
**فیدای خۆت و ڕەفیقت بم — فیدای یاری صەدیقت بم**
**فیدای عەدل و عەدالەتی — عومەری کوڕی خگابت بم**
**فیدای خۆت و ڕەفیقت بم — فیدای یاری صەدیقت بم**
**فیدای عیلم و حەیاو شەرمی — عیمان کوڕی عەففانت بم**
**فیدای خۆت و هەوری سەرت — فیدای جسمی مونەوەرت**
**فیدای عیلم و حەیاو شەرمی — علی لەقەب بە حەیدەرت**

*   *   *





# ئایا مەبەست لە وشەی (ال) چی یە؟

سەرەتا دەبێت بزانین کە ووشەی (ال) گەر بە تەنها هات واتای چی یە و گەر لەگەڵ ناوی تردا هات چەمەبەستێکی لە پشتەوەیە ؟

ئەگەر (ال) بە تەنیا هات خاوەنەکەشی دەگرێتەوە وەك (ال محمد)......... بەڵام ئەگەر ناوەکە بە جیا بوو (ال) ەکە لە دوای بوو ئەوە بەس کەسانێ دەگرێتەوەو خۆی ناگرێتەوە.

وە ئەگەر (ال) لەگەڵ (**اصحابە**) دا ناوبرا وەکو (**الە و اصحابە**) ئەوا واتای (ال) واتە: شوێن کەوتووانی بەڵام ئەگەر ووشەی (ال) لەگەڵ (**اتباع**) دا هاتبوو وەکو (**الە واتباعە**) ئەوا واتای خزم و کەس و خێزانەکانی نیشان دەدات......

پوختەی واتای سڵاوات (احمد فائق سعید) ل ٢

کەواتە مەبەست لە (ال) محمد و شوێنکەوتوانی ڕێبازەکەیی و کەسانی نزیك لە خۆی دەگرێتەوە.

# شێوازە جۆراو جۆرەکانی سڵاوات

دیارە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی زیاترمان بۆ پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) دەتوانین بە چەندین شێواز سڵاوات بدەین، بۆیە بە باشم زانی کە خوێنەری ئازیز ئاگاداربێت لەچۆنیەتی و شێوازی ووتنی سڵاواتی ڕاست و دروست، هەریەك لەم شێوازانە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستیەکی تایبەتە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ).

دیارە ئەم شێوازانەش لە کتێبی (**دلائل الخيرات و شوراق الانوار فی صلاة علی النبی المختار**) دەرهێنراوە کە بە داخەوە دوای گەڕانێکی زۆر ناوی نوسەرەکەیم دەست نەکەوت، بفەرموون ئێوەو چەند شێوازێکی سڵاوات :

١- باشترین سەڵاوات ئەو سڵاواتەیە کە پێی دەوترێت سڵاواتی ئیبراهیمی:

﴿ **اللهم صلِّ علی محمد وعلی آل محمد کما صلَّيت علی ابراهيم وعلی آل ابراهيم و بارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی ابراهيم وعلی آل ابراهيم وسلم تسليما كثيرا** ﴾.

٢- ﴿ **اللهم صل علی محمد سيد الاولين والاخرين وحبيب رب العالمين، وعلی اله وصحبه وسلم** ﴾.

٣- **اللهم صل علی محمد وعلی آل محمد.**

٤- **اللهم صل علی محمد علی قدر حبك فيه وزدني يا مولاي حبا فيه.**

٥- **اللهم صل وسلم علی محمد فی الاولين وصل علی محمد فی الاخرين وصل علی محمد فی المرسلين وصل علی محمد فی الملأ الأعلی الی يوم الدين.**





# سڵاو و درود لەسەر پێغەمبەرانی تر

تێکڕای پێغەمبەران و نێردراوان شایەنی ڕێز گرتنن چ لە لایەن خوای گەورە چ لە لایەن بەندەکانی خوای گەورە سڵاوات و سەلام لە ئێمەوە بۆ ئەوان بەشێکەلە ڕێزی بێ پایانمان بۆ هەموو پێغەمبەرە ماندوو نەناسەکانی پێش پێغەمبەری ئیسلام.

خوای گەورە سەبارەت بە (**نوح**) پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: (**وترکنا عليه في الاخرين سلام علی نوح فی العالمين** )

وە هەروەها سەبارەت بە باوکی پێغەمبەران ئیبراهیم درودی خوای لەسەر دەفەرموێت: (**وترکنا عليه في الاخرين سلام علی ابراهيم**) سەبارەت بە حەزرەتی موسا و هارون دەفەرموێت: (**وترکنا عليهما في الاخرين سلام علی موسی و هارون**) هەروەها دەفەرموێت: (**سلام علی آل ياسين**) کۆمەڵێك لە ڕاڤە کەرانی قورئان دەفەرموون لەوانە (**موجاهيد**) جگە لەوەیش سەبارەت بەم ئایەتە(**وترکنا عليهم فی الاخرين**) واتە: سوپاس کراوان لەلایەن پەروەردگارەوە و وە زمانی ڕاستگۆیمان پێ بەخشیون. قەتا دەش ڕەحمەتی خوای لێبێت هەر وای ووتووە.

ئەمە بەنیسبەت سەلام کردن لەسەریان... بەڵام لە لایەنی سڵاوات دان لە سەریان لە ئەبی هورەیرەوە ڕەحمەت و ڕەزای خوای لێبێت ئەڵێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (**صلوا علی انبياء الله ورسله فان الله تبعثهم كما تبعثنی**) رواة الطبرانی جلاء الافلام (٢٧١).

واتە سڵاوات بدەن لەسەر پێغەمبەران و نێردراوانی خودا، چونکە ئەوانیش ڕەوانەکراوی خوان هەروەك منیش ڕەوانەکراوی خوام بۆ ئێوە.

لە لایەکی ترەوە، ئیبن عباس ڕەزای خوای لێبێت دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿اذا صليتم عليّ و صلوا على انبياء الله بعثهم كما بعثني﴾

**حافیظی** ئەبو موسی ی مەدینی دەڵێت: گەیشتووە لەلایەن هەندێك لە سەلەفەوە کەوا (پێغەمبەر (ﷺ) ئادەمی لە خەویدا بینیوە وە سکالأی ئەوەی لام کردووە کەوا ڕۆڵەکانی بەکەمی سڵاواتی بۆ دەنێرن بۆ خۆی و سەرجەمی پێغەمبەران)

لە ڕوانگەی ئەم فەرموودانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پێغەمبەران بە گشتی دروستە سڵاوات و سەلامیان لەسەر بنێرین و بێ بەشیان نەکەین، چونکی هەروەك لە فەرموودەکاندا ئاماژەیان پێکراوە ئەوانیش نێردراوی خوای گەورەن و پەیامی خوایان بڵاو کردوەتەوە بەم سەر زەویە دا.. وەك وەفایەك بۆ ماندووبونیان و زەحمەت کێشانیان و عەزیەت دانیان لەلایەن کەسانی نەیارەوە ڕۆحی پاکیان زیاترو زیاتر ئاسودە دەبێت لە کاتی هێنانی ناویاندا بە سەلام و سڵاوات دان لەلایەن ئێمەی ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ).





# بەشی هۆنراوە و پەخشان تایبەت بەپێغەمبەری خودا (ص)

**نالی شاعیر لە وەصفی پێغەمبەر (ﷺ) دا دەفەرموێت:**

محمەد،ئەحمەدی مورسەل،مونیری مینبەر و مەحفەل
بەشیری،ئاخیر و ئەوەڵ،نەذیری خۆیش و بێگانە
سیراجی ئەنبیا خەتمی روسول نوری موبینی حەق
کەعالی کەعب و قەدر و دەست و صەدر و خاتەمی شانە
لەسەر ئەو ظولمەت و ئابادی شەوی کوفرەکە طالع بوو
حەلا هەڵسا لە ئینس و جان کە ڕۆژی نوری ئیمانە
لە نەفخی صور و نەشری بەعثەتی دینی حەق ئیحیا بوو
لە قەبری جاهیلیەت هاتە دەر هەرچی موسڵمانە
لە سایەی ئەمر و نەهی حەق و باطل بوو بە دوو فرقە
بە میثلی فەرقی ڕۆژ و شەو،کە فارق نوری ئیمانە
سەعادەت بوو بە نور و صاعیدی دەردی هیدایەت بوو
عەلامەت نوری ئیمانی (بیلال) و (وەیس) و (سەلمانە)
شەقاوەت بو بە دودو داخیلی کورەی ضەلالەت بوو
ئەمارەت خوسرە و کەسری کیسرا شەققی ئەیوانە
بەقوربانی علومی ئەوەلین و ئاخرینت بم

لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلطافی ڕەحمانە
مورادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە
بە چەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ثە نا خوانە
ئەگەر چی کوردی دووری شارەزوری قەسوەتم ئەمما
وەسیلەم طەیبەو حیلمی شەفیع و فەضلی مەننانە
بەسەر هاتومە ئەو خاکەی کە هەر مثقالە زڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە

* * *

## (ڕەیحانەی ڕۆح)

کە کەوتە ڕوو مانگی ڕوخسارت (**موحەمەد**)
ئاسمانی دڵ ڕوناك ئەگریێ تا ئەبەد
مانگ لە حوسنی جەماڵتە شەرمەیگرێ
خۆر ئایینەی ڕووتە بە نوری تۆوە ئەگریێ
کە دەرکەوتی مەدینەی دڵ بە دیارت منەوەر بوو
تەمی ماتەم ڕەوی کرد هەڵهات تیشکی طەلعی ڕوو
ئەی نووری دییەی دڵم صوبحی ڕۆح چاوەڕێتە !





بۆنی لیباسی تاسەت ڕوناکی کا ئەم ڕێیە !
قوربانی خۆشی ناوت ئەی نووری نێو هەناوم
لە نێو مەزاری سینەما تەنیا عەشقی ڕواوم
ئەی طەبیبی دەردەداران بە دەستەکەی پڕ شیفات
سا بگرە دەستی دڵمان بۆ هودا و نوری نەجات
ئەی (**ئەحمەد**) و (**موحەمەد**) و (**مەحمود**) ی وەصف کراو
ئەی تاقانە مەحبوبی (**تەنیا**) کەی خۆشویستراو
بەسەر سارای سینەما هەنگاوەکانت هەڵبێنە
بە متمانی گەردی پات تاسەی ڕۆحم بشکێنە
لەگەڵ یاراو بە دوی یارا لەو سەحرایەش گوڵە ڕویێ !
لە ژێر هەنگاوەکانتا (**موحەمەد**) موحیبەت ئەڕوێ
بە هەوری مەرحەمەتت سەوزە ڕەیح و ڕەیحانێ
تۆ کە ڕەیحانەی ڕۆحم چی ڕوی هەیە لێرە بڕوێ ؟!
خودا بە تاو ببارێنە بارانی نوور و بەرەکات
بۆ سەر گیانی (**موحەمەد**) ڕێژنەی درووود و صڵاوات

**لە گەڵ ڕێز و سڵاوی ئیمان شارەزووری**

* * *

## " ئەی محمد (ﷺ) "

لە دەست دونیا بڕاووم بەرەو مەنزڵمە ڕێگەم ئەی محمد
ژوانی دونیا تەواو ئینتیزاری ڕەحمەتم ئەی محمد
غەیری تۆ مودەعیم کێ یەبێ خەمم بابێ محمد
حەبیبم هەرتۆ حەبیبی غەیری تۆ بێ حەبیبم ئەی محمد
شەفاعەتکاری من هەرتۆی شەفیعم شافیعم احمد
ژوانی شەفاعەتی تۆم لە تاوی مەحشەر محمد
ئەی نەزیر و بشیری دڵ بشارەت نوری قرانە
کاتی گریان و هەنسکە هەتیوە دینت محمد
پشکۆی ئاگری نێو سینەم بۆ شوعلەکەی تۆ دەسوتێ
وەك پەروانە لە شوعلەتدام هەتا دەسوتم محمد
عەلامەکەی دەروونە ئاوا دەروونی پڕ لە نوورە نوور
فیداتم یا رسولی خوا شەفیعەکەی ڕێم محمد
لە کاتی غەرغەرەدام و ژوانی ڕۆحی بێ ڕۆحم
غەیری تۆ کێ بێ شەفاعەت ئەی فریاد ڕەسم محمد
شەمعی دڵ تار و خامۆشە دەکاتی شوعلە سوتانە
پەروانە شوعلەکەی ڕێتم سوتاوم سوتاو محمد
ئەی دڵ تازە کاتی ڕۆیی دەرکە خۆشەویستی دونیا
بە دیداری حەبیبی تۆ شادم کە شادم محمد





میراتی بەڕوو بەحرم پێدرا پێی تێر نەبووم
ئەو کاتە بەندە پاشایە کە واریثی تۆم محمد
وەك پەڕی طاوس ئەگەر جوانی ڕوو بۆ تۆ نەبێ
هەر پەڕم پەڕاوێ دەیبا جێی نیازم کە محمد
کاتی حاصلاتە ئەی دڵ بێ باران زەردە خەرمانم
ڕەحمەتەل عالەمینی تۆ هیلالی ماهم محمد
بە ڕووتی هاتی و بەڕووتی لە ڕووتا ڕوو لە گریانم
عاشقی ڕێگەکەی ڕووتم بەرگی عوریانم محمد
بەرگی خۆرم بۆ شەوە شەو بەرگی هەتاو ئەپۆشم
وەك شەم شەمە کوێرە ڕێی ڕێگەم نووری هەتاوی محمد
سیادەت یاسەیی یا شێخ شەفاعەت تۆمی محمد
خیلافەت بێ خیلاف چوارن بێ خەلافەتم محمد
موبین و دینی عەیانە لەزەت و ڕۆحی بەرجەستەم
چ تامێ بۆ لەزەت بێنم غەیری پەیامت محمد
گوڵ کە پشکوت سەری لە جەستە دا و وەری
بۆ گولاو بۆنی ڕێمە عەتر و گولاوی محمد
گوڵ بە گوڵ نابێ بەهار شەماڵ با بای نەسیم بێنێ
مانگە شەو شەوقی هیلالی نووری دیدارتە محمد
شەمس و خۆرم کە تۆی بینی مانگی بە شەو خستە ڕوو
ماهی چواردەی یەك شەوەم شەمع و پەروانەم محمد

فرمێسکی دڵ ووشك ناكا چون جۆباری زەمزەی تۆن
ئەسرینی چاو هەنسکی دڵ بۆ ڕووی دیدارتە محمد
داری عەرعەرم لە ڕووتا بۆ دیداری تۆزی ڕێت
شا بیٚ شایە ئەی شاهی شام رسولی شاهم محمد
بیٚ قەد و باڵ ریشك و گەڵای گوڵ هەرگوڵن
ڕەحمەتەل عالەمینی تۆ شوعلە و هیلالم محمد
مەکە تاروو بیٚ خەبەرە ئەی مەدینەی منەوەرم
مهاجیر ڕۆحی انصارن ڕۆحی فیداك محمد
طلع البدر علینا من ثنیات الوداع
وجب الشكر علینا رسولی احمد محمد

**ئەیوبی**

* * *





## " نامەی عاشقێك بۆ مەعشوقەکەی "

ئەو دەمانەی کە چاوی ئاسمانی ژیان
لە جێی فرمێسك خوێنی ئەڕژاند
ئەو دەمانەی کەوا ژیان
بوبو بە مەعبەدی دلاَن
ئەو دەمانەی کە تۆز و خۆڵی بیابان
چاو و دڵی گشت مرۆڤی کوێر کردبوو
هەرئەو کاتە بو کە ئافرەت
لەنێو ژیانی مردندا
خۆڵی دڵ ڕەقی و نەفامی
نەخشەی فرمێسکی ووشك بوو و
دڵی پڕ لەترس نیشتوو و
هەناسەی تەزیوی چەندین منداڵی دەنەخشان
هەرئەو دەمانە بو کەوا
بۆ یەکەم جار خۆێك لە مەککەوە هەڵهات
هەر تیشکێکی
ئەڕۆیشتە نیو ماڵێك و پیتی ئەوتن
هەستن لە خەو شەو ئاوا بوو
ڕۆژێکی نویٚ لە دایك بوو

هەستن لە خەو و بڕوانن

لە ئاسمانی ئەم  وولآتە

لەم بەهارە پڕ خەلآتە

لە جێی باران

نووری هیدایەت دەباریٚ

(ابو طالب) بە فرمێسکی شادومانی

ناوێکی بۆ دەنەخشێنیٚ و

هەموو خەڵکی دەکات سەرسام

هەر هاتنی ئەو زاتە بو

بارانی ئازادی باراند

بۆ سەر خەڵکی ئەو دلآنەی

کە پڕبون لە خۆپەرستی

تابڕویٚ داری ئازادی

مافی ژیانی سەربەستی

بۆ هەموو مرۆڤایەتی

هەر هەتی و بوو لە دایك بوو

هەتی و تر بوو کە گەورە بوو

تا بدات مافی هەتیوان

خۆشەویستم لە تەمەنی زیوین تا بو

کە کۆترێکی ئازاری





لە مەعبەدەکەی حەڕاوە

نامەکەی لە کەعبە دانا

نامەکە خۆی  هاتە قسەو

جاڕی یەکتا پەرستیدا

سەروەرەکەم

ئەو دەمانەی کەوا خۆت و سەربازانت

هاتن تا دڕك و داڵی بەردەم کاروان درویٚنەکەن

بەلآم ئەوان خۆر و مانگی دەسەلآتیان بۆ تۆ دەڕواند

تا ئەو کاتەی شێری مەیدان

(حمزة) ی شا سواری شمشێران

بۆ خۆشەویستی برازاکەی

سەری چەندانی وەك (عوتبة) لەت دەکات و

بۆ هەمووڵا دەسەلمێنیٚ

کە ئەمە بۆ ئەو پشتیوان

خۆشەویستم دەپێم بڵیٚ

جگە لە شەمشەمە کوێرەکانی قوڕەیش

کیٚ یەك هەبوو کە بتوانێت

بەرامبەر تیشکی ئەو ڕۆژە ڕابوەستیٚ

کیٚ یەك هەبوو کە جورئەت کات

ڕوناکی لە شتێکی کەوە وەربگرێت

هەتا ئەوەی لە ئەشکەوتەکەی (ثە ور) دا

عەنکە بوتیٚ

چاوەکانی کوێرکردن و

لە وولاٚتی بیٚ ئومێدی دا جێی هێشتن

پێشەواکەم

بیابانێك

بە هەواڵی کۆچت لە مەککەوە بۆ مەدینە

کاتێك زانی جێگەی هەنگاوی پیرۆزتە

بە فرمێسکی شادومانی

بیابانی کرد بە دەریاو

ئەو سەحرایە

بە چەندین ڕەنگی بەهاری خۆی دەنەخشاند

ئەی ڕابەرم

هەرئەو ساتەی هەنگاوانت

خاکی مەدینەیان بڕی

ئاشتە بایت لەنێو دڵی هەوەلاٚندا دروست کرد و

هەموویانت کرد بە برا

سەروەرەکەم

لە جەنگە پیرۆزەکاندا

کاتێك وویستیان بە زۆری جەنگاوەرانیان





کەشتی غیرەت و عەقیدەت بەرنە کەنار

فریشتەکان هاتنە مەیدان

کۆڵی غیرەتیان نایە شان

جگە لە بیٚ باوەڕان

ئیبلیسیش ڕای کرد لە مەیدان

خۆشەویستم

بۆ نوسینی ئەم نامەیەم

دڵی چەند پێنوسم نواند

کە زانیان لە بۆ تۆمە

زەرد هەڵگەڕان و بێدەنگ بوون

جگە لە چەند فرمێسکێکی خۆشەویستی

هیچی تریان بۆم نەدرکاند

منیش ناچار

ئەو فرمێسکانەم گرت کردو

ئەم چەند ووشەیەم پیٚ نەخشاند

**نوسینی: ئاسۆز محمد محمود**

## بێ پێشەکی
## " ئەی ڕوسپی تۆ ئەمیرمی"

سڵاو سپی ترین ئەوین !!
ئەی مامۆستای موسڵمانان
ئێمە کە ئێستە کە خەوتوین
لە گێژاوی نەزانیدا ؟
هەڵمان سێنەو
جاندەیە ئالأی ئیمان
بێ پێشەکی
پێشەوا گیان
لەو نامەیەم سپی تری
کە ئێستا کە بۆت دەنوسم !
بڕوابکە بۆ نوسینی ئەو نامەیە
هەرخۆم کلی ناو پێنوسم !؟؟
ئەزیزەکەم
ئەوەندە خۆشویستی لام
گشت سات ناوت لەسەر لێوە
بەو خودایە سەروەرەکەم
چاوەڕوانیم بۆ دیدارت





پتەو تر لە شاخ و کێوە ؟!!
شیرینەکەم ئەو ئازارانەش وەك تەرزە
بەری سینەمیان گرتووە
بەو خودایە گەر بزانم بەتۆ دەگەم
بۆ باخی ڕۆح
وەك دارە و سێوی گرتووە !!
هەر یادی تۆش وام لێدەکات
هەستم و شیعرێ بنوسم
ئەگینا بێ تۆ ناتوانێ لە حەسرەتا
شتێ بنوسێ پێنوسم !
ئەمیرەکەم گەر بتبینم
دەتخەمە سەرتاجی سەرم ؟
کە تۆ کاتێ لە ئامێزی
یادەکانی ژیانما بی
ئەی ئەمیری گەروو نەرم ؟!!
هەرچی غەم و بێزارییە
دەگۆڕێ بۆ خەندە و خۆشی !!
تەنها نابم تاکوخوا و تۆ م لە گەڵدا بی !
مامۆستاکەم
فێرم بکە چۆن بخوێنم چۆن بنوسم ؟

لە چ شتێکی ئەم دونیایە ڕا بنوسم
بە خودای تۆ أبالقاسم
کە باخی دڵی پڕتاسەم
غەم وشکی کا ؟
بە زیکرێکی کردگارو
هەر بەیادی تۆ ئەی دێرم !
تا ئەو کاتەی بە لیقای خواو تۆ شاد دەبم
بە جەستەو ڕۆح
ئەو کاتە درێژە ئەژمێرم !؟
هەناسەکەم
هیچ شك نابەم
پێشکەشتی کەم
تەنها و تەنها ئەوە نەبێ
لەسەر ڕێگاکەت لانەدەم !؟
بەڵێ گەورەم
ئەوە تۆ بووی
بێ پێشەکی هاتی و
بانگێکی بالاّ بەرزت دا !
پاشان فەرمووت ؟
ئەوەی کچ زیندە بە چاڵ کا





شوێنی نیە لەسەنگەردا !؟
ئەی ڕوو سپی
تۆ ئەمیرمی !
دەست و پەنجەو
دەست نوێژ سپی ؟!
بێ پێشەکی
پۆستە بەری پەیامی تۆم !؟
هەر لە صبح تا ئێواران !
هەر تنۆکێ میهری تۆم
وەگیر کەوێ
نەك هەر بۆ خۆم ؟؟
پێشکەشی ئەکەم
لە ڕێبواران !؟
لە کۆتایشدا دەینێرین
هەزار سلاّو
لە بۆ گیانت
ئەی پزیشکی
شیفا پێدەری بیماران ؟!!

**والسلام علیکم**

**سومەییە هەڵەبجەیی**

## سۆزێك لە دڵی منەوە پێشكەش بە ڕۆحی تۆ !

ئەوا ئەمڕۆ هەموو جیهان ئاهەنگی خۆشی دەگێڕن، ئەمڕۆ هەموو مرۆڤەكان دڵیان خۆشە و پێدەكەنن

ئەزانن ئەمڕۆ چ ڕۆژێكە ؟

ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە یەو دوانزەی (١٢ / ربیع الاو)ل ه

ڕۆژی لەدایك بوونی پێشەوامان (**محمد**) ی سەروەرە

ئەو ڕۆژەیە كە محمد هاتە دنیا بەبێ باوك، ڕۆژی رزگاربوونی دڵەكانە لە گوناه و تاوان

ئەی سەروەرم ئەگەر بڵێم تۆ لە هەموو خۆشەویستری لە لام، تەنها بەزمان نابێت، چونكە كاتێك پێنوسەكەم هەڵدەگرم تا شیعرێكی ڕەنگینت بۆ بنوسم، كۆتری سپی خەیاڵم لە بار ئەداو دێ بەرەو وولاّتی خۆشەویستیت، بەلاّم ئەی ئازیزم ئیستا من شەپۆلە شێتەكەی ڕێگاكەی تۆم، تۆش زەوییە فراوانەكەی عەشقی منی، بۆیە جگە لە گرتنی ڕێگاكەی تۆو زیندووكردنەوەی سوننەتەكانت هیچ شتێكم پێناكرێت، جگە لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستیم لە دڵەوە هیچی ترم پێناوترێ.

پێشەواكەم تەنها تۆ بووی فێری ڕێز و خۆشەویستی و وەفات كردم، تەنها ووتە و فەرموودەجوانەكانی تۆ بوون منی نامۆیان خستە سەر ڕێگای ڕاست، تەنها و تەنها عەشقی خۆشەویستی تۆ بوو منی فێری خۆشەویستی خەڵكی كرد.

دەسا وەرن با ئێمەش لەم ڕۆژە دا جارێكی تر پەیمان نوێ بكەینەوە لەگەڵ پێشەوای ئازیزماندا، بە زیندوو كردنەوەی سوننەتەكانی و بەرنەدانی ڕێگای ڕاست و ڕونەكەی





، با لەمەو دوا زۆر لە جاران زیاتر لە دڵەكانمان پڕبكەین لە خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر، با فرمێسكی چاوەكانمان لە ترسی خودا و لە پەشیمانی گوناهو تاوانەكانماندا بڕێژین، با دەستەكانمان بەرز بكەینەوە بۆ پاڕانەوە و نزاكردن، بەڵكو خودای میهرەبان لە سزای سەختی دۆزەخ بمان پارێزێت.

بۆیە منیش لەناخی دڵمەوە هاوار دەكەم :

دەك پیرۆزت بێ هەزاران جار ئەم ڕۆژە پرشنگدارە
یەك ملیۆن جار سلاّوات لێ بێ ئەی ڕۆشنایی ئەم ژیانە

**مریم جبار**

# به قوربانی تۆی سەروەرین دیسان (ربیع الاول) ە

ئەی پێغەمبەر بە خێرهاتی
تۆ هەتاو بووی کە هەڵهاتی بەخت و هاتی شای خەلاٚتی
منداٚڵێکی بێ دەرەکان چەند ماڵێ شوان گەل نەخوێنەوار و نەزان تۆ بویتە
مامۆستا نەك بۆ ئەوان، بۆ هەموومان
بەم بانگەوە تێت چریکاند، ئادەمیت لە خەو ڕاپەڕاند خوات پێناساند، چاك
تێت گەیاند ڕۆحت هەژاند عەقڵت دواند تۆزی غەفڵەتت لێ تەکاند، پشتی
چەند خوێن مژت شکاند خزم و هۆزت لە جێی ئەوە باوەشت بۆ بکەنەوە
پیلانیان بۆ دائەڕشتی لە مافت بێبەشیان کردی ئازاریان دای تۆمەتیان بۆ
کردی لە شارەکەت دەریان کردی، بە نوێڵی ئەم قورئانەوە گا بەردی کوفرت
تل ئەدا هەڕەشە هەر گوێت پێنەدا، بە ئازار چۆکت دانەدا وویستیان بەم
ئافرەت و پارە هەڵخەڵەتی ملت نەدا
ئەت فەرموو بە خزمەکانت پشتم بگرن ڕێم لێمەگرن با خەڵکی تر بە ئازادی
گوێم بۆ بگرن
ئەتویست ئەقڵەکان بدوێنی بڕوا لە دڵدا بچێنی
نورێکی تیا داگیرسێنی شوعلەوەربێ، تا لەجیاتی ڕوخێنەر بێ داهێنەر بێ
گەر ڕۆژێ بووبە سەرکردە دڵ ڕەق نەبێ دادپەروەربێ لە حەڕاوە بەڕێ کەوێ
نەسرەوتی تاسەرکەوتی و بەدەرکەوتی هەتا دەوڵەتت دامەزراند یەکەم
دەستور لە مێژوودا تۆ ڕات گەیاند بتەکانی کەعبەت شکاند، بیلالی ڕەشت تێی
چیرکاند کەس خوا نیە جگە الله (**محمد رسول الله**) دەستی ستەمکارت بڕی
چرای تەوحیدت داگیرساند وورگی خورافیاتت دڕی کۆیلەو ئافرەتت ڕزگار
کرد فرمێسکی بێنازت سڕی ئەی تریفەی عەشقی و جوانی ئەی کانیاوی





میهرەبانی کێ نەتناسێت پێغەمبەری هەرخۆی خۆی خاك بەسەر دەکات باخی
ژینی بێبەر دەکات واوەیلا بە حاڵی لە ڕێی دنیا بێ ئیمان ڕەزالەتە ئیمان
ئاسودەی دڵە ئیمان ڕەمزی بەرائەتە مردن وەك و ڕزگایەکە ئەتبا بەرە و ئەو
قیامەتە کێ لە پێڕی (**محمد**) بێت لە قیامەت سەرسەلامەتە تۆ چرابووی
دانرابوی بۆ جیهانێك (**رحمة للعالمين**) هەڵکرابوی قورئان هەمووی شایەتییە کە
ڕەوشتت بڵندییەو ناوازەیە، کەسێك وەك تۆ نەبوە و نیە خۆشم دەوێی زیاتر
لە خۆم، پێغەمبەرمی و ئوممەتی تۆم مەعشوقی حەقم (**الله**) یەو شەیدا منم
سەرکردەم (**رسول الله**) یەو هەودا منم قورئانە بەهاری دڵم بولبولی پڕ سەودا
منم
(**ألم نشرح لك صدرك**) خوا دڵی گوشاد نەکردی ؟ (**ووضعنا عنك وزرك**) کۆڵێ
خەمی لێ نەگرتی ؟ (**ورفعنا لك ذكرك**) ئەی ناوی بڵند نەکردی ؟ بەڵێ ناوی بڵند
کردی ئێستا هەرچی مناڵ دەبن زۆرینەیان (**محمد**) ن تۆ یارانت وا پێگەیاند
پابەندی ئەم قورئانە بن بۆن خۆش وەك و ڕەیحانە بن دۆستی خزم و بێگانە
بن، بۆ فتوحات پەروانە بن هانای تاشقەندوو بۆ حاڕاو ئەم خاقی کوردستانە
بن بیل بیلەی چاوی کوردان بە شەڕواڵ و مراخانی و بە جامانەی سەرمانەوە
بە فەقیانە و کوڵە باڵ و جەپەستەکی بەرمانەوە، بە مولود و صلاٚواتی
دەممانەوە بە پیر و لاوو منداڵ و پزیشك و ئەفسەرمانەوە بە نێرگزی
شارەزوور و بە باخی دێ و بەرمانەوە بە سەلامەکەی ئەیوبی و بە قازی
رابەرمانەوە،بە قانیع و پیرە مێرد و چاپخانە و هونەرمانەوە بە مێژووی
هەڵپڕوزاوو بە خاکی گەوهەرمانەوە بە چی کورد و کوردستان و ئاسمانی
سەرسەرمانەوە بە قوربانی تۆی سەروەرین کوردێکی ئیسلام پەروەرین

**م.غریب پێنجوێنی**
٢٠٠٩/٣/٢٣

## دڵم بەسەر سیلەی مردنەوە لەگەڵ گشت ترپەیەکدا

نزای لێخۆش بوون لە تاوانباری خۆی دەکا
چاوم بەدەم شین و گریانەوە لە گەڵ گشت فرمیسکێکدا
سکاڵای چاك بونەوە و خضوع و خشوع دەکا
دەستەکانم بە بەرزی شاخ و کێوەکان لەگەڵ هەموو بارانێکدا
دوعای پاك بوونەوەی ڕۆحم دەکا
ڕۆحم لەجەزبەی ئەم هەموو گوناهەدا
زیکری ئومێد و نوێژی تەوبەکردنت بۆ دەکا

لە ویساڵ و هیجری تۆدا، دڵ پەرێش و نیگەرانی بەقەد ئاسمانی پڕمیهر و هێندەی کۆشی بیابانی گەرم و گوڕ و بەقەد هەموو گەردون بەیعەتی حەقیقت پێ دەدات، لەم ڕۆحە فەنابووەم دا هەیە دەیبەخشم و خێری هەموو دنیا دەکەم، چون ئەزانم گەیشتن بە دیداری پڕنووری پاکی تۆ، بۆ کەسێکە لەم تەم تومان و تاپۆی ئەرزەدا دڵ و ڕۆح و گیانی وەك پاکترین بوونەوەری بەهەشت نەبێ لیقای پڕ لە میهر و حزوری دیداری تۆی پێنابڕێ لەم ڕۆژی دڵ و ڕۆح و عیشقە پاکەی،ئەخلاق و گەورەیی و ڕێز و بەخشندەییەی تۆدا، لە زەوییەوە ڕووەو ئاسمانی میهری خودا هاواردەکەم

(خودایە نزای منی عابیدی خۆت قبوڵ بفەرموو بە خاتری پێشەواکەم)

ئەی سەروەرم من لە ڕەحم و میهر و پاکی ڕەوشتی تۆوە، دەبمە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی زوڵم نەکات، بەلای خیانەتدا نەچێت، هەقی گشت کەسێکی لابێت.

سەروەرەکەم، ئەوە سیفاتی تۆ بوو، کە ئێستا کە ئێمەی ئوممەتی تۆی بە گەشاوەیی هێشتووەتەوە، کانیاوی گەوهەر و ڕێز و حورمەت و وەفا، ئەی ئەو





عاشقەی کە هێند ڕاستگۆ بوو، لەگەڵ لەگەڵ عیشقەکەت تا گەورەترین مەقامت بە دەستهێنا.

قبوڵمکە بە ئوممەتت،گەر رحمی خوا و پەیامی تۆ نەبا ئێستە ئیدی لە ژێر گۆڕ بووین، گەر پەیامی پیرۆزت نە بوایە، کەی لەو گێلیەتی و دڕندەییە و جەهل و کافر سانیە ڕزگار دەبووین گیانم فیدات ئەی نێردراوی خودا، بە هاتنت جەهل و نەزانی و کۆیلەت سڕییەوە.

خودایە تۆش بە خاتری پەیامنێرە ئەمینەکەت، نزای ئەم عەبدە ڕووڕەشانەی بەر قاپییەکەت قبوڵ بکە، خودا گەر سۆز و بەزەیت نەبێ، لەم زەمەنە بێزراوەدا لەنێو ئەم هەموو تاوانە بەنێو تاوان و خراپەدا بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێین

**لەمیحە حمە احمد**

# سەرچاوەکان

١- قورئانی پیرۆز.

٢- تەفسیری في ظلال القرآن.

٣- تەفسیری صفوة التفاسیر.

٤- تەفسیری التحریر و التنویر.

٥- تەفسیری القرآن الکریم إعرابە و بیانە.

٦- تەفسیری گوڵشەن.

٧- تەفسیری الشعراوي.

٨- کتێبی جلاء الافهام في الصلاة و السلام علي خیر الانام، ابن قیم الجوزي.

٩- کتێبی پوختەی واتای صلاوات.

١٠- کتێبی الموسوعة الاخلاقیة.

١١- ئنتەرنێت.

١٢- شیعری شاعیران.





# پێڕست

پێشەکی نووسەر ____ ٥

پێشەکی م. سید احمد ____ ٦

گرنگی صلاوات... ____ ٨

پوختەی ڕاڤەی هەندێك لە تەفسیرەکان ... ____ ١١

لە چ کاتێکدا صلاوات بدەین... ____ ٢٠

هەڵوێستەیەك لە بەردەم ئایەتی ... ____ ٢٨

سودەکانی صلاوات ____ ٣٤

ئایا مەبەست لە وشەی آل چی یە؟ ____ ٤٨

شێوازە جۆراوجۆرەکانی صلاوات ____ ٤٩

صلاو و دروود بۆ پێغەمبەرانی تر ____ ٥٠

بەشی هۆنراوە... ____ ٥٢

پێڕست ____ ٧٤